# چەند ڕامانێک لە هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی

فایلی ژمارە (١)

سەرپەرشتیاری فایل: سەرکەوت جەلیل

ئیمەیڵ: info@kc-interlaw.org

وێبسایت: www.kc-interlaw.org

**پێڕست:**

چۆن مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ داعش بکەین؟

ئاری مەحمود ........................................................ لا ٥

ئەگەرەکانی داداگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا

هاوڕێ ئەحمەد ........................................................ لا ١٢

داعش و دادگاییکردن: کەیسی بەکۆیلەکردنی ئێزدییەکان

سەرکەوت جەلیل ........................................................ لا ٢٠

بەجیهانیبوونی ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" و لێکەوتەکانی

محەمەد ئەحمەد ........................................................ لا ٣١

هەڵسەنگاندنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

د. محەمەد ڕەشید و هاوڕێ ئەحمەد ........................................................ لا ٥٢

**دەربارەی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی**

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردی-ئەڵمانیی ناحکومیی سەربەخۆی قازانج نەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە هەمبەر مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتیی تاوان لە کوردستان.

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەو یاسایانەی سەرەوە، کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکات، کە بریتیین لە:

یەکەم؛ پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، بە لەبەرچاوگرتنی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، پەیماننامەکانی مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمئەندامان، پەیماننامەکانی دژی ئەشکەنجەدان و دژی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و دژی جیاکاریی ڕەگەزی، پەیماننامەی پاراستنی کرێکارانی پەنابەر و پەیماننامە و جاڕنامە و بڕیارەکانی تایبەت بە پاراستنی کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و ئێتنییەکان.

دووەم؛ جێبەجێکردنی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە کاتی ململانێ و پێکدادانی چەکداری، ئەوەش بە ڕەچاوکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤ، پەیماننامەی پاراستنی شوێنەوارە کەلتوورییەکان، پەیماننامەی تایبەت بە چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و چەکە قەدەغەکراوەکانی تر و پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانیان.

سێیەم؛ دەستگەیشتن بە دادپەروەری بۆ قوربانییان و تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی تاوان بە ڕەچاوکردنی نیزامی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی شەڕەنگێزی.

## پاشخانی فایل

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بە لای کەمەوە سێ تاوانی نێودەوڵەتیی کردووە؛ تاوانی جەنگ، تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید. کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە سوریا (IICIS ) کە لە ساڵی ٢٠١١ بە بڕیاری ژمارە (S 17/1)ی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، هەروەها تیمی لێکۆڵینەوەی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە تاوانەکانی داعش، یونیتاد (UNITAD) کە بە بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩)ی ساڵی (٢٠١٧)ی ئەنجوومەنی ئاسایش و لەسەر داوای دەوڵەتی عێراق دامەزرا، هەردوو دەستەکە لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا ئەوەیان سەلماندووە کە داعش ئەو سێ تاوانە نێودەوڵەتییەی کردووە. یونیتاد لە دواین ڕاپۆرتی خۆیدا، ڕاپۆرتی ژمارە چوار کە لە ئایاری ٢٠٢٠دا پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، دەڵێت "سەرەڕای بوونی بەڵگەی پێویست لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، بەڵام هێشتا هیچکام لە چەکدارانی داعش لەسەر ئەو تاوانانە دادگایی نەکراوە". کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە لە سوریاش لە گرنگترین ڕاپۆرتیدا بە ناوی (ئەوان بۆ وێرانکاری هاتن) لە ساڵی ٢٠١٦دا بە شێوەیەکی ورد ئەو سێ تاوانەی داعشی تۆمار کردووە و پێشکەشی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە؛ کۆمسیۆنەکە داوا دەکات دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی چەکدارانی داعش دابمەزرێت.

چەکدارانی داعش لە ئێستادا لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاڤا بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت (دادگایی دەرکرێن) و هیچ یەکێک لەو وڵات و هەرێمانە یاسایەکی پەیوەندیداریان بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان نییە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch) لە ڕاپۆرتێکیدا بە ناوی (دادپەروەرییەکی خەوشدار و دادگاییکردنی داعش لە عێراق) ، هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق (یونامی) لە ڕاپۆرتێکی تردا بە ناوی (دادگاییکردنی داعش لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا)، ڕەخنە لەو شێوە دادگاییە دەگرن کە ئێستا بەرانبەر چەکدارارنی داعش بەرێوە دەچێت و بە دادگایەکی لایەندار و پڕخەوش وەسفی دەکەن و لەبەر نەبوونی هیچ یاسایەکی ناوخۆش بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان، داوا دەکەن چەکدارانی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن. ماوەی چەند مانگێکە پرۆژە یاسایەک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق (2005)، بە جۆرێک کە بۆ دادگاییکردنی چەکدارانی داعشیش بشێت و دادگاکە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت. ئەوەی لەم فایلەدا هەیە، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو بابەتە گرنگە و لە دووتوێی نووسینەکاندا کۆمەڵێک شیکاری و وردەکاریی بایەخدار دەخوێننەوە.

## چۆن مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵ داعش بکەین؟

**ئاری مەحمود**

**(لێکۆڵەری دادی، دادگای دەربەندیخان)**

دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی گرووپی تێرۆریستیی ئەلقاعیدە لە یانزەی سێپتەمبەری 2001 بۆ سەر ئەمەریکا، بە پەلاماری گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا و داگیرکردنی ڕووبەرێکی فراوانی خاکی ئەو دوو وڵاتە و ئەنجامدانی تەواوی ئەو تاوانە نامرۆڤانانەی بەرامبەر خەڵکی سیڤیل و هێزە ئەمنییەکان، جیهان بۆ دووەمین جار شۆک دەبێت و ئەقڵ و بیرکردنەوەی جیهانی دەدرێتەوە بە دیواری واقیعدا.

وا دیسان لە هەزارەی سێیەم و لەسەدەی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و بڕانەوەی شەڕە جیهانییەکان و شەڕی سارد و جەمسەرگیریی وڵاتاندا، داعش وەک گرووپێکی تیرۆریستی دەردەکەوێت و وەک نامرۆڤانەترین گرووپی تیرۆریستی، بێزراوترین تاوان بەرامبەر هێزە ئەمنییەکان و تەواوی خەڵکی سیڤیلی سوریا و عێراق دەکات.

### داعش چی تاوانێکی کردووە؟

ئەگەر بمانەوێت تاوانەکانی داعش بژمێرین و لە لیستی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی لە پێڕەوی ڕۆما (دادگای تاوانی نێودەوڵەتی)دا باس کراون، پۆلێن و ڕیزبەند بکەین، ئاستەنگی زۆرمان دێتە ڕێ. لەبەر ئەوەی ئەگەر بیر لە جۆر و چۆنێتیی ئەنجامدانی تاوانەکانیان بکەینەوە، تێدەگەین چەند زەحمەتە ئەندامان و سەرکردەکانی ئەو گرووپە ڕووبەڕووی یاسا و دادپەروەریی بکرێنەوە! بەڵام هەر جۆرێک بێت لە پرۆسەی داد و دادگەریی بەرمەبنای تەواوی ئەو مافانەی کە مرۆڤەکان هەیانە، بە تاوانبارانیشەوە، هەر دەبێت تاوانباران لە هۆڵەکانی دادگادا سزای خۆیان بەسەردا بسەپێنرێت و

مافخوراوان و قوربانییەکانیش هەر لە هۆڵەکانی دادگادا مافەکانیان وەربگرنەوە. تاوانەکانی داعش تاوانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگن، واتە سێ جۆر لەو تاوانانەی کە لە پێڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتوون؛ هەر کەس و لایەن و گرووپێک یەکێک لەو تاوانانە بکات، دەکرێت لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێت.

### چ دادگایەک دەتوانێت داعش دادگایی بکات؟

بۆ ئەوەی کەیسێکی تاوانی نێودەوڵەتی ببرێتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، پێویستە ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی تێدا کراوە پێڕەوی ڕۆمای واژۆ کردبێت و ئەندام بێت لە ڕێکەوتننامەی ڕۆمای ساڵی 1998. هەردوو وڵاتی سوریا و عێراق کە داعش لە سەر خاکی ئەوان تاوانەکانی کردووە، تا ئەم ساتەوەختە ئەندامی ڕێکەوتننامەکە نین، بۆیە ناتوانن بێ گرفت و بەربەست دادگاییکردنی چەکدار و ئەندامانی داعش ببەنە بەردەم دادگاکە. ئەمەش وا دەکات ئەو دوو وڵاتە هەوڵ بدەن لە ناوخۆدا و بەپێی یاساکانی خۆیان، تۆمەتباران دادگایی بکەن.

### هەوڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان بۆ دادگاییکردن

عێراق لە ئێستادا دوو بژارەی لەبەر دەستدایە. یەکەمیان ئەوەیە کە واژۆی ڕێکەوتننامەی ڕۆما بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دادگاییەکە بباتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. هەرچەندە واژۆکردنەکە دەکەوێتە دوای تاوانەکەوە، بەڵام هیچ ڕێگرییەکی یاسایی بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوەی کردنی تاوانەکە دەکەوێتە دوای پێکهێنانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە، کە 1ی تەمووزی ساڵی 2002ە . یان دادگاییەکە بباتە ناوخۆی وڵاتەکەی و بەگوێرەی دادگایەکی تایبەت دادگاییان بکات، کە تەواوی هەوڵە جیهانی و لۆکاڵییەکان لە ئێستادا کار بۆ ئەم بژارەیە دەکەن، هەرچەندە گومانێکی زۆریش لە ڕووی جیهانییەوە لە پرۆسەی داد و دادپەروەریی لە دادگاکانی عێراقدا هەیە.

لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئێستادا و لە بەرواری 19ی ئەیلولی 2020 خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کراوە، کە پێشتر و ساڵی 2005 بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراق (سەدام حسێن و دارودەستەکەی) لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرکرابوو(1). بەڵام لەبەر ئەوەی هەم یاساکە و هەم دادگاکەش تایبەت بوو، لە یاساکەدا باس لەو جۆرە تاوانانە نەکراوە کە دواتر لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کرابوون. بۆیە لە پرۆژە هەمواری یاساکەدا تاوانەکانی داعش زیاد کراوە و لەمادەی یەکەمدا ئاماژە بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و جینۆساید کراوە، هەروا باس لەوەش کراوە کە یاساکە هەموو ئەو تاوانانە دەگریتەوە کە داعش لەسەر خاکی عێراق و هەر جێگایەکی تر، کردوونی. مەبەست لە دەستەواژەی (هەر جێگایەکی تر) کە لە یاسا نوێیەکەدا جێگیر کراوە، پێچەوانەی بنەمای (هەرێمیبوونی یاساکانە). ئەم بنەمایە بە واتای ئەوە دێت کە تەواوی ئەو تاوانانەی لە سەر خاکی عێراق ڕوو دەدەن، یاسای عێراقییان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا کە یاساکە دەڵێت (هەر جێگایەکی تر) ئەو بنەما یاساییەی تێپەڕاندووە و مەبەستیش لێی ئەو تاوانانەی داعشە، کە لەسەر خاکی سوریا یاخود هەر وڵاتێکی تر ئەنجامیان داوە، کە هەر یاساکەی عێراقی بەسەردا جێبەجێ دەبێت و گیراوانی داعش لە دادگاکانی عێراقدا دەتوانرێت دادگایی بکرێن.

لە ئێستادا بەشێکی زۆری ئەو چەکدارە دەستگیرکراوانەی داعش، کە ژمارەیان نزیکەی 19 هەزار چەکدارن، لە گرتووخانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لە ژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتدان. هەرچەندە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا بەڵێنی پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە دادگاییکردنی ئەو بەندکراوانەیان بە هێزەکانی سوریای دیموکرات دابوو، بەڵام تا ئێستا ئەو بەڵێنە پشتگوێ خراوە و دادگاکە پێک نەهێنراوە. بەڵام ویستی هێزە کوردییەکان لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی خۆیان چەکداران دادگایی بکەن، کە نە سزای لەسێدارەدانی تێدایە و نە دادگایی ئەو کەسانەش دەکرێت کە تەمەنیان خوار 17 ساڵە. سەبارەت بەو چەکدارانەی داعش کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستگیر کراون، بە ئێستاشەوە بەردەوام دادگایی دەکرێن. ئەوانەی عێراق و هەرێم بەگوێرەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و سزاکانی یاساکەش تا سزای لەسێدارەدانی تێدایە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە دادگاکانی عێراقدا سزای لەسێدارەدان جێبەجێ دەکرێت، تەنیا لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا نەبێت، کە سزاکەش دەدرێت،

بەڵام جێبەجێ ناکرێت. لە جێبەجێ نەکردنەکەشدا دادگاکانی هەرێم پشت بە هیچ دەقێکی یاسایی نابەستن و هیچ ڕێگرییەکی یاسایی لە تەواوی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بەدی ناکرێت بۆ جێبەجێ نەکردنی سزای لەسێدارەدان. کێشەی هەرە سەرەکیی دادگاییکردنی چەکدارانی داعش چەکدارە بیانییەکانن، ئەوانەی خەڵکی وڵاتانی ئەوروپا یان هەر وڵاتێکی تری جگە لە عێراق و سوریان.

ئەگەرچی لە ئاستە نێودەوڵەتییەکەدا هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە چڕکراوەتەوە کە دادگایەکی عێراقیی تایبەت دابمەزرێنرێت و تەواوی چەکداران بە بیانی و نابیانییەوە تێیدا دادگایی بکرێن، بەڵام لە دوو ڕووەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی ڕاڕاییەکی دەستەجەمعی بوون، ئەویش لەبەر ئەوەی گومانێکی زۆریان لە پرۆسەی دادگەریی لە دادگاکانی عێراقدا هەیە. لەم ڕووەوە ڕێکخراوەی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (هیومەن ڕایتس وۆچ) لە چەندین بۆنەدا باسی ئەم نادادگەرێتییەی دادگاکانی عێراقی کردووە(2). بە هەمان شێوە ناوەندی ژنێڤ بۆ دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە چەندین کات و شوێنی جیا جیادا هۆشداریی داوەتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە دادگاکانی عێراق پرۆسەی داد و دادگەریی تێیاندا لاوازە و پشت بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ نابەستن و دادگاییەکی دادپەروەرانەی تاوانباران بەڕێوە ناچێت(3). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە یاساکانی عێراق سزای لەسێدارەدانی تێدایە و وڵاتانی ئەوروپاش لە نموونەی فەڕەنسا و سوید و ئەڵمانیا، کە ژمارەیەکی زۆری چەکداری داعش هاوڵاتیی ئەو وڵاتانەن و وڵاتەکەشیان ئەو سزایە بە نامرۆڤانە و ناسەردەمییانە دەزانن، لە هەمان کاتیشدا نایانەوێت ئەو هاوڵاتییانە ببەنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان و بەگوێرەی یاساکانی خۆیان دادگاییان بکەن. بەڵکو پێیان باشە هەر لە عێراق دادگایی بکرێن، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن تا سزای لەسێدارەدان لەو یاسایەدا، کە عێراق چەکدارانی داعشی پێ دادگایی دەکات، نەمێنێت.

هاوکات چەند هەوڵێکیش هەبوو کە تیرۆریزم بە تاوانێکی جیهانیی هەژمار بکرێت و بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان سزای بۆ دابنرێت. لەم ڕووەوە ئیسپانیا و ڕۆمانیا لەو وڵاتانە بوون داوای پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتییان دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی جیهانی، کە دەکرا تاوانەکان (بکەران)ی داعشیش لەسەر بنەمای تیرۆریزم، لەو دادگایەدا دادگایی بکرێن، بەڵام لەبەر ڕێکنەکەوتنی وڵاتان لەسەر چۆنێتیی پێناسەکردنی یاسایی و گشتگیر بۆ تیرۆریزم و ئەو تاوانانەی کە بە تیرۆر دادەنرێن، هەوڵەکان سەریان نەگرت.

**بڕیاری 2379 ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان**

بڕیارەکە لە ساڵی 2017 لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە و ئاماژەی بەوە داوە، کە داعش ئاسایشی نێودەوڵەتیی خستووەتە مەترسییەوە. لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەشدا باس لە پێکهێنانی تیمێکی لێکۆڵینەوە دەکات بۆ کۆکردنەوەی تەواوی ئەو بەڵگانەی لەسەر تاوانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا هەن. ئەم تیمە لە ئێستادا پێک هێنراوە و بە ناوی (یونیتاد)ەوە بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی کەریم خان، دەستی بە کارەکانی کردووە. هەر لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە، کە تاوانەکانی داعش (تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید)ن. یونیتاد تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەگوێرەی بڕیاری ئاماژە بۆ کراو، دەبێت ئەو تیمە بە هەماهەنگیی تیمێکی لێکۆڵینەوەی عێراقی هاوکاریی دادگاکانی عێراق بکات لە کاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی چەکدارانی داعش. هەر لەم بارەیەوە پرۆژە یاسای هەمواری یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق برگەیەکی بۆ مادەی 18ی یاسا کۆنەکە زیاد کردووە، کە ببێتە برگەی چوارەم و دەڵێت: "دادگا بۆی هەیە پشت بەو بەڵگە و دۆکیومێنتانە ببەستێت کە تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشی دەکات".

بەگوێرەی ئەو سەردانانەی کە سەرۆکی تیمی یونیتاد بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە لەماوەی مانگی 7 و 8ی 2020دا، وا بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا دادگاییەکانی داعش دەست پێ بکات و یاساکەش تا ئەو کاتە هەموار کرابێتەوە. بە وتەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، هاوشان بە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، تیمێکی لێکۆڵینەوەی نیشتمانی لە ناوخۆشدا پێکدەهێنرێت و بەشێک لە دادوەرانی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن لەو تیمە نیشتمانییەدا ئەندام بن(4). لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەوە بخەینە بەرچاوی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان، کە هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین ئەندام و دادوەر و شارەزای دادوەریی خۆی لەو تیمە نیشتمانییەی عێراقدا جێگیر بکات. ئەویش لەبەر ئەوەی کورد زۆرترین زیانی لە هاتنی داعش بۆ ناوچەکە بینیوە و هەزاران کوردی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە جینۆساید کراون، ژنەکانیان کران بە کەنیزەک و سەبایا، منداڵەکانیان کران بە کۆیلە و بازرگانییان پێوە کرا و گەنج و پیر و پەککەوتەکانیشیان کوژران. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە دوو هەزار پێشمەرگە لە شەڕی داعش

شەهید بوون و زیاتر لە چوار هەزاریش بریندار بوون. بۆ ئەوەی چیتر ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کران وەکچۆن لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەی سەدام حسێندا ڕووی دا، کە کەیسی کوشتنی 142 کەس لە دوجێل خرایە پێش کەیسی ئەنفال و کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەوە و سەدام حسێن لەسەر ئەو تاوانە لەسێدارە درا، پشتگوێ نەخرێن.

**ئایا داعش کۆتایی هاتووە؟**

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعش لە عێراق و سوریا لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشەوە تێپەڕ بووە، بەڵام میراتێکی وێرانی لە دوای خۆی جێهێشتووە؛ ژەهرێکی ڕشتووە کە ئەستەمە دەرمانی دەست بکەوێت. داعش لە ئاکامی بازرگانیکردن بە کچ و ژنی ئێزدییەوە و کردنیان بە سەبایا و کەنیزەک و دواتریش خستنەوەی وەچەیەکی زۆر لەو ژن و کچانە، کێشەیەکی تری بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و عێراق و بە تایبەتیش ئێزدییەکانی شەنگال و دەشتی نەینەوا خوڵقاندووە(5). کێشەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی زۆر ئاڵۆزی بۆ ئێزدییەکان دروست کردووە، کە ئەستەمە بتوانرێت چارەسەرێکی ئاسان و یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە. ئێزدییەکانی عێراق کەمینەیەکی 500 هەزار کەسین، کوردن و بە شێوەزاری کرمانجی دەدوێن، ئاینێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیاوازە لە ئاینی ئیسلام. لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە زۆرەملێ یان بەکەنیزەککردنەی ژن و کچە ئێزدییەکانەوە هەزاران منداڵ کەوتوونەتەوە و لە ئێستادا زۆرینەی هەرە زۆریان لە کامپەکاندان و دایکیان ئێزدی و باوکیان موسوڵمانە.

کێشەی هەرە سەرەکیی ئەو منداڵانە ئەوەیە، کە ناتوانرێت چارەسەرێکی یاسایی بۆ نەسەب و شوناسیان بدۆزرێتەوە: لەلایەکەوە بەگوێرەی ئاینی ئێزدییەکان بۆ ئەوەی منداڵێک لە ناو کۆمەڵگای ئێزدییان قبوڵ بکرێت و ببێتە بەشێک لێیان، پێویستە لە دایک و باوکێکی ئێزدیی لەدایک بووبێت، لەلایەکی تریشەوە لە ئاینی ئیسلام و یاسا بەرکارەکانی عێراقیشدا، منداڵ لەسەر ئاینی دایکی یان باوکیتی ئەگەر موسوڵمان بێت، ئینجا بە موسوڵمان تۆمار دەکرێت و پێناسی دەدرێتێ. ئەگەرچی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە مادەی دووەمدا دەڵێت: ئەم دەستوورە گرەنتیی ئیسلامێتیی زۆرینەی گەلی عێراقیی دەکات، هەروەها گرەنتیی تەواوی مافە ئاینییەکانی تەواوی ئاینزاکانی تری ناو

عێراق لە نموونەی کریستیان و ئێزدی و سابیئە و مەندائییەکان دەکات. بەڵام یاسای کارتی نیشتمانی ساڵی 2016 ی عێراقی لە مادەی 26دا پێچەوانەی دەستوورە و پێشێلی ئەو مافە دەستوورییەی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان دەکات و دەنووسێت: منداڵی ناکام (واتە خوار 18 ساڵ) ئاینی ئەو دایکە یان باوکە وەردەگرێت کە ئیسلامی هەڵبژاردووە.

کێشەکە تا لێی ورد ببینەوە گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو منداڵەی لە دایکێکی ئێزدی و باوکێکی موسوڵمان لەدایک دەبێت، پێی بڵێین منداڵی یاسایی یاخود منداڵی لاقەکردن و سێکسی بەزۆر؟ یان ئەو هاوسەرگیرییەی کچێکی ئێزدی و چەکدارێکی موسوڵمانی داعش ناو بنرێت هاوسەرگیریی یاسایی یاخود لاقەکردن(ئیغتیساب)؟ لەکاتێکدا بەگوێرەی شەریعەت و یاسای هیچکام لەو دوو ئاینە، هاوسەرگیری لە نێوان شوێنکەوتووانی هەردوو ئاینەکە دروست نییە و ڕێی لێ گیراوە.

لەم ڕووەوە ئەنجوومەنی ڕۆحانیی ئێزدییەکان لە 24 ی نیسانی 2019 بەیانێکی دەرکرد. تێیدا قبوڵی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە. دوای 3 ڕۆژ لەو ڕێکەوتە و لە 27 ی نیساندا، بەیانێکی ڕوونکردنەوەیان دەرکرد، کە تێیدا هاتووە: بە هیچ شێوەیەک مەبەستمان لە "ڕزگاربووان" ئەو منداڵانە نیە، کە لە ئەنجامی لاقەکردن یان سێکسی بەزۆرەوە لەدایک بوون. هەقە بپرسین هەریەکە لە دەوڵەتی عێراقی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەنیازن چ جۆرە چارەسەرێک بۆ ئەم منداڵانە بدۆزنەوە؟ یاخود بە چی میکانیزمێک کار دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی 3046 ڕفێندراوی ئێزدی کە نیوە زیاتریان ژن و منداڵن؟ ئایا لەگەڵ دادگاییکردنی چەکدارانی داعش ئەو کەس و لایەنانەش دادگایی دەکرێن کە ڕێخۆشکەر یاخود کەمتەرخەم بوون، یانیش دەوترا پەیوەندیی ژێر بە ژێریان لەگەڵ داعش هەبووە، لە هەمان کاتدا هۆکار بوون لە هاتنی داعش و داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکەکەی؟ داعش هەر خۆی بە تەنیا تاوانەکانی نەکردووە. لێرە و لەوێ دەنگۆ و قسە دەبیسترێتەوە گوایا چەند گرووپ و لایەنێک، هەم نێودەوڵەتی و هەم نێوخۆیی، ئاسانکارییان کردووە بۆ هاتنە ناوەوە و بڵاوبوونەوەی داعش لەو دوو وڵاتە (عێراق و سوریا).

تاوەکو ئێستا ڕوون نییە، کە ئاخۆ پرۆسەی دادگاییکردنەکەی داعش تەنیا چەکدارەکانی داعش دەگرێتەوە یاخود ئەو کەس و لایەنە نێودەوڵەتی و نێوخۆییانەش کە ئاسانکار بوون لە تاوانەکانی داعشدا؟ کە دەڵێین دادگایی، مەبەست لەوە نییە ئەو دەنگۆیانە تەواو ڕاستن و بەڵگەی ڕاستێتییان

سەلمێنراوە. نا، بەڵکو مەبەست لەوەیە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە هەر تاوانێک پێویستە بە جۆرێک بێت کە هەموو گومانێک برەوێنێتەوە و هەموو پنتەکانی تاوانەکەش لەخۆ بگرێت. تا ئێستا ڕوون نییە ئاخۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بکەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە و هاوبەشەکانیش پێکەوە ئەنجام دەدرێت، یاخود ئەم لایەنە پشتگوێ دەخرێت و تەنیا لە دادگایی چەکدارانی داعش و بکەری ڕاستەقینەدا چڕ دەکرێتەوە؟ ئەگەر ئەم لایەنە، واتە هاوبەشەکانی داعش فەرامۆش کرا، تا چەند لە بەردەم دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەداین؟ لەلایەکی ترەوە مەترسی و کێشەی ژنە داعشییەکانی ناو کامپەکان هەیە، کە نابێت لەبەرچاو نەگیرێت. ئایا چۆنچۆنی مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ئەو ژنانەی داعش بکرێت، کە ئێزدیی نین و لە ئێستادا هۆگرییان بۆ داعش هەیە و خەون بە گەڕانەوەی خەلافەتەکەی دەخوازن و لە ناو کامپەکانی سوریا و عێراقدان؟ کە بە مەترسییەکی هەرە گەورە دەبینرێن، لەبەر ئەوەی ئەو ژنە داعشییانە لەو کامپانەدا منداڵەکانیان لەسەر بیر و پرۆگرامەکانی داعش پەروەردە دەکەن کە ئەگەر هەیە لە داهاتوودا ببنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە. ئاخۆ هەبوونی مەیل و هۆگریی بۆ خەلافەتەکەی داعش، تاوانە یاخود نا، کە بە ئاشکرا ڕۆژانە لەناو کامپەکانەوە ژنانی داعشی هاواری بۆ دەکەن؟ ئایا ئەمان لەکوێی پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا دەبن؟ ئەگەر بێت و دادگاییەکە وەک پرۆسەیەک سەر بگرێت و زۆرینەی ئەو چەکدارانەش سزادران بە سزای لەسێدارەدان, ئایا ئەو هەموو لەسێدارەدانە جێبەجێ دەکرێت، کە ڕەنگە ژمارەکە نزیک ببێتەوە لە چەندین هەزار کەس؟

**ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان ڕازی دەبن بە و سزا بەکۆمەڵە؟**

لەلایەکی ترەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو چەکدارانەی کە سزای لەسێدارەدان یاخود سزای بەندکردنی هەتا هەتایی دەدرێن (لەحاڵێکدا کە سزای لەسێدارەدان جێبەجێ ناکرێت) باری سەر شانی گرتووخانە و چاکسازییەکان قورستر ناکات؟ بەتایبەت مامەڵەکردن لەگەڵ چەکدارانێک کە لەهەموو پێوەرەکانی ژیانەوە دوورن و ستەم نابێت ئەگەر بە "وەحشیگەریی" وەسف بکرێن. سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان لە بەردەم دوو ئەگەردایە: یان ئەوەتا سزای لەسێدارەدان کارا بکاتەوە، یاخود مامەڵەیەکی چەندین ساڵە لەگەڵ کۆمەڵێک داعشییدا لە ناو چاکسازییەکاندا قبوڵ بکات و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیرێکی توندوتیژ و نامرۆڤانە ئامادە بکات، کە زۆر ئەستەمە هیچ

گۆڕانێک تێیدا ڕوو بدات و هیچی کەمتر نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییانەی داعش. ئێمە پێمان وایە کە هەردوو چارەسەرەکە فشارێکی زۆر دەخاتە ئەستۆی دامەزراوە سزاییەکان. سزای لەسێدارەدان بۆ چەکدارانی داعش بەو ژمارە زۆرە کارێکی نەکردەیە و نزیکمان دەکاتەوە لە تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ، ئەگەرچی دۆخی تاوانەکانی داعش زۆر جیاوازە لە دۆخی ئەوانەی کە بەدەست ئەم چەکدارانەوە تووشی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ و چەندین جۆری تری تاوان بوونەتەوە. سزای بەندکردنیان و هێشتنەوەیان لە بەندیخانەکانیشدا بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەمان شێوە ئەرکی گرتووخانە و چاکسازییەکان قورستر دەکات و لە زۆر ڕووەوە پێویستە ئامادەکاریی بۆ کرێت. بەڵام ئاخۆ کام یەک لەو جۆرە سزایانە مرۆڤانەترن و کامیان ئەخلاقییانەترن، کامیان لەگەڵ بنەما باڵاکانی مافی مرۆڤدا یەک دەگرێتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەگەری مان و نەمانی داعشە، هەم بە فیکر و هەم بە بوونی گرووپێکی توندڕەوی توندوتیژ، کە مرۆڤایەتی هێشتا نەیتوانیوە ناوێک لە جۆری تاوانەکەی بنێت و سزایەکی پڕ بە پێست بۆ تاوانەکەی بدۆزێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1) وێبسایتی ئەنجوومەنی نوێنەران:
https://www.ar.parliament.iq/2020/09/19/قانون-تعديل-قانون-المحكمة-الجنائية-ال/
2) https://www.dw.com/ar/هيومن-رايتس-تنتقد-القضاء-العراقي--وتدعو-باريس-للتحرك/a-48993889?fbclid=IwAR13jPkrH04Hyx_cowDZmkHLjHARdYk9JI7BsxVa-ICy6ebiFslxGMUEOMo
3) https://www.gicj.org/ar/2017-01-13-21-23-37/2017-01-13-21-50-12/1262-press-release-unsc-res-2379-on-accountability-of-isis-crimes-ar?fbclid=IwAR01QCWP0HmYbRa_UnwXLHctDyqN7dU3J7wCEFDBA9ppFEBq1616cBuQCFg
4) https://www.basnews.com/so/babat/603473
5) https://www.navantigroup.com/arabic-news/2019/7/23/-

# ئەگەرەکانی دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا

**هاوڕێ ئەحمەد**

**(ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ)**

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لای کەم سێ تاوانی نێودەوڵەتیی کردووە؛ تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید. کۆمسیۆنی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە سوریا کە لە ساڵی 2011 بە بڕیاری ژمارە (S-17/1)ی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا(1)، هەروەها تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە تاوانەکانی داعش، ناسراو بە یونیتاد (UNITAD)(2)، کە بە بڕیاری ژمارە (2379)ی ساڵی (2017)ی ئەنجوومەنی ئاسایش و لەسەر داوای دەوڵەتی عێراق دامەزرا(3)، هەردوو دەستەکە لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا ئەوەیان سەلماندووە کە داعش ئەو سێ تاوانە نێودەوڵەتییەی کردووە و یونیتادیش لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا کە ڕاپۆرتی ژمارە چوارە لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە(4)، دەڵێت: "سەرەڕای بوونی بەڵگەی پێویست لە کردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، هێشتا هیچ کەسێک لە چەکدارانی داعش لەسەر ئەو تاوانانە دادگایی نەکراوە". کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە لە سوریاش لە گرنگترین ڕاپۆرتیدا لە ژێر ناوی *ئەوان هاتن بۆ وێرانکاری*(5) لە ساڵی 2016دا، بە شێوەیەکی ورد ئەو سێ تاوانەی داعشی تۆمار کردووە و پێشکەشی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، کە داوا دەکات دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی چەکدارانی داعش دابمەزرێت.

لە مێژووی دروستکردنی دادگا تایبەتەکان بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا, ئەم جۆرە تیم و کۆمسیۆنانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە. لە بواری یاسای نێودەوڵەتیی تاوانیشدا بە چەند ناوێک

ناسراون، لە هەمووی بەربڵاوتر دەستەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا (Fact Finding Mission)ە، کە ئەم جۆرە دەستانە بە مەبەستی زانینی ڕاستییەکان لە دوای پێکدادانی سەربازی و پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دروست دەکرێن. لە دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ژمارەی ئەم دەستانە نزیکەی پەنجا دەستە دەبن، کە دواترینیان دەستەی گەڕان بە دوای ڕاستییەکانە لە لیبیا کە مانگی شەشی 2020 دامەزرا بە مەبەستی لیکۆڵینەوە لەو تاوانانەی لە دوای ساڵی 2016ەوە لە لیبیا و لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە کراون. هەروەها هاوشانی تیمەکانی لێکۆڵینەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە لە 2011 بە بڕیاری ژمارە (1970)ی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو دادگایە ڕاسپێردرا بۆ دادگاییکردنی تاوانکارانی حکومەتەکەی قەزافی(6)، هەروەها دەستەی گەڕان بە دوای ڕاستییەکانی یوگۆسلاڤیا و میانمار کە یەکەمیان لەساڵی 1992و ئەوەی دووەمیان لە ساڵی 2017 دامەزرا بۆ لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاری لە ئەگەری ڕوودانی تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی. ئەم دووە بەناوبانگترینی ئەو دەستانەن، کە یەکەمیان دادگای یوگۆسلاڤیای لەسەر دامەزرا و ئەوەی دووەمیش لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای دادی نێودەوڵەتی، میانمار درایە دادگا. ئەو دوو دەستەیەی سوریا و عێراقیش لەسەر هەمان بنەما و وەکو بناغەیەک بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی دروست کران. بە تایبەت ئەو کەسانەی بۆ ئەم دوو دەستەیە دانراون، کەسی بەناوبانگ و بەئەزموونن لە بواری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. یەکێک لە کۆمیسیارەکانی دەستەکەی سوریا، کارلا دیل پۆنتی بوو، کە لە ساڵی 2017 پاش ئەوەی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی ئەسەد و گرووپە چەکدارەکانی تر شکستی هێنا، دەستی لە کار کێشایەوە. پۆنتی دادوەرێکی سویسرییە و پێشتر داواکاری گشتیی هەردوو دادگای تایبەت بە یوگۆسلاڤیا و ڕواندا بوو. سەرۆکی دەستەکەی عێراقیش کەریم خان-ی بە ڕەچەڵەک پاکستانییە کە شارەزایەکی دیاری بواری یاسای تاوانی نێودەوڵەتییە.

چەکدارانی داعش لە ئێستادا لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤادا بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دادگایی دەرکرێن. هیچ یەکێک لەو وڵات و هەرێمانە یاسایەکی پەیوەندیداریان بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان نییە. ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی 82 لاپەڕەییدا لە ساڵی 2017 و لە ژێر ناوی *عەدالەتێکی خەوشدار و دادگاییکردنی داعش لە عێراق*دا(7)، هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق ناسراو بە یونامی

(UNAMI) لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2020دا لە ژێر ناوی *دادگاییکردنی داعش لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا*(8)، ڕەخنە لەو شێوە دادگاییە دەگرن کە ئێستا بەرانبەر چەکدارارنی داعش بەرێوە دەچێت و بە دادگایەکی لایەندار و پڕخەوش وەسفی دەکەن. لەبەر نەبوونی هیچ یاسایەکی ناوخۆیی بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکانیش، ئەوان داوا دەکەن چەکدارانی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن. بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا سێ گریمانە هەیە:

گریمانەی یەکەم، دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC). گریمانەی دووەم، لە بەردەم دادگایەکی تایبەت (Ad Hoc Tribunal). گریمانەی سێیەم، لە بەردەم دادگایەکی تێکەڵ (Hybrid Court). هەریەکێک لەو دادگایانە پرۆسە و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە.

## گریمانەی یەکەم: دادگاییکردنی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا (ICC)

ئەم دادگایە(9) لە ساڵی 1998 دامەزراوە و لە ئێستادا تاکە دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتییە بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. دادگاکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕێسای هەیە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران، ئەوانیش:

یەکەم: دەبێت یەکێک لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان کرابێت، کە ئەوانیش بە پێی مادەی پێنجی یاساکە، چوار تاوانە (تاوانی جینۆساید، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و تاوانی شەڕەنگێزی). داعش سێ تاوانی لەو تاوانانە کردووە و پسپۆڕیی بابەتی (Subject Matter Jurisdiction)ی ئەم دادگایە بۆ تاوانەکانی داعش کێشەی یاسایی نییە و بە تەواوی دەیگرێتەوە.

دووەم: دەبێت تاوانەکان لە دوای ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای دادگاکەوە کرابێتن، کە 1-7-2002ە، لێرەشدا پسپۆڕیی کاتەکی (Temporal Matter Jurisdiction)ی دادگاکە تاوانەکانی داعش دەگرێتەوە.

سێیەم: دەبێت تاوانەکان لەسەر خاکی یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەم دادگایە یان دژی یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکان کرابێت، یانیش یەکێک لە هاوڵاتییانی دەوڵەتە ئەندامەکان کردبێتی، کە ئەمە کێشە سەرەکییەکەی دادگاییکردنی داعشە لەو دادگایەدا. چونکە هیچ یەکێک لە عێراق و سوریا کە داعش تاوانە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر خاکی ئەوان کردووە، ئەندامی ئەو دادگایە نین. بۆیە دادگاکە ناتوانێت سەربەخۆیانە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە لە عێراق و سوریادا بکات. ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو بە پێی یاسای ئەم دادگایە، لە حاڵەتی ئەندام نەبوونی دەوڵەتێکدا، دوو ڕێگای تر هەن. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی بەندی حەوتەمی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان،. داوا لە دادگاکە بکات پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەست پێ بکات، وەک ئەوەی لە ساڵی 2005 لە سودان دژی دەسەڵاتەکەی عوومەر بەشیر و ساڵی 2011 لە لیبیا دژی حکوتەکەی موعەمەر قەزافی بینرا، کە هیچ یەکێک لەو دوو دەوڵەتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەبوون و نین. لێرەدا بابەتەکە دەچێتە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش و بە دەنگدان یەکلا دەبێتەوە، کە دەبێت لە کۆی پانزە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، نۆ ئەندام بە بەڵێ دەنگ بدەن و لە ناویاندا نابێت هیچ ئەندامێکی هەمیشەیی مافی ڤیتۆ بەرانبەر پرۆژە بڕیارەکە بەکاربهێنێت. لەم حاڵەتدا لە ترسی تێوەگلانی زیاتری لایەنە بەشەڕهاتووەکان و ئەگەری تێوەگلانی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، ڕوسیا و چین ڤیتۆی هەموو جۆرە هەوڵێکی لەم بابەتە دەکەن، هەروەک لە بەکارهێنانی ڤیتۆی ئەم دوو زلهێزەدا بینرا بۆ پرۆژە بڕیارەکەی فەرەنسا لە ئەنجوومەنی ئاسایش لە ساڵی 2014 بۆ دادگاییکردنی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد لەم دادگایە. ئەو دوو زلهێزە تا ئێستا چواردە جار مافی ڤیتۆیان لە بەرژەوەندیی بەشار ئەسەد بەکارهێناوە و بەدڵنیاییەوە لە داهاتووشدا ڤیتۆی هەر هەوڵێکی تری لەو چەشنەش دەکەن. ڕێگای دووەم ئەوەیە کە دەوڵەتەکە (دەوڵەتی نائەندام لەم دادگایە) خۆی داوا لە دادگاکە بکات پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی سەر خاکەکەی بەڕێوە ببات، هەروەک دەوڵەتی ئۆکرانیا لە ساڵی 2014 داوای لە دادگاکە کرد لە ئەگەری کردنی تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە کاتی سەرکوتکردنی خرپیشاندانەکانی (مەیدان)ی شاری کییڤی پایتەخت بکۆڵێتەوە. لێرەدا دەبێت عێراق یان سوریا وەکو دەوڵەتی خاوەن سەروەری، داوا لە دادگاکە بکەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ تاوانەکانی داعش لەسەر خاکەکەی کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە.

تەنها ڕێگایەک بۆ دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا کە وەکو هیوایەک مابووەوە، ئەو هەزاران چەکدارە بیانییانەی ناو داعش بوون کە لە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم دادگایەوە هاتبوون. هەوڵێکی زۆر درا لەم پەنجەرەیەوە کەیسی داعش ببرێتە بەردەمی دادگاکە، بەڵام فەتوە بن سەودە، دواکاری گشتیی دادگاکە لە ساڵی 2015 لە ڕاگەیەنراوێکدا(10) وتی ئەو کەسانەی بیانیین و چەکداری داعشن و تاوانیان کردووە، لە کەسە پلەدار و پلە باڵاکانی داعش نین، بەڵکو تەنیا چەکداری ئاساییین و بەپێی بنەمای تەواوکاری دادگاکەش (Principle of Complementarity) بەرپرسیارێتیی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتە ئەندامەکان. ئەوان خۆیان دادگایی چەکدارە ئاساییەکانی داعش لە وڵاتانی خۆیان بکەن و لە ئەگەری بەڕێوە نەچوونی ئەو دادگاییەدا، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی دەست پێدەکات.

### گریمانەی دووەم: دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی تایبەت (Ad Hoc Tribunal)

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ببووە جێگای گفتوگۆی ناوەندە ئەکادیمی و سیاسییەکانیش. چونکە لە دوای دادگای (نۆرێمبێرگ)ەوە کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، هێزی هاوپەیمانان وەکو براوەی جەنگ دایانمەزراند بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی بەرەی شکستخواردوو (نازی) و سەرەڕای زۆریی ڕوودانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و بوونی یاسای پێویست بە قەدەغەکردنی ئەو تاوانانە وەکو ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤی ساڵی 1949 و پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ساڵی 1948، هیچ جۆرە دادگایەکی لەو چەشنە دانەمەزرابوو.

میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان تا ساڵی 1993 نەبوو. وەک وەڵامێک بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی ناوخۆیی یوگۆسلاڤیای پێشوو کە بووە هۆی پێکدادانی سەربازی لە نێوان نەتەوە و دینە جیاوازەکان و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدی تێدا ڕووی دا، هەروەها لە ساڵی 1994 لە ڕواندا کە (هووتوو)ەکان هەڵمەتێکی سەد ڕۆژەیان دژی (تووتسی)یەکان ئەنجامدا و لە ئاکامدا نزیکەی یەک ملیۆن کەسی (تووتسی)یان کوشت؛ ئەنجوومەنی

ئاسایش بە بڕیاری ژمارە 827ی ساڵی 1993 دادگای یوگۆسلاڤیا(11) و بە بڕیاری ژمارە 955ی ساڵی 1994 دادگای ڕواندای دامەزراند(12) و تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تێدا دادگایی کران.

بۆ دادگاییکردنی داعش هەوڵی زۆر درا بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە دادگایە، چونکە دەتوانرێت یاساکانی بە پێی جۆری تاوانەکان و ناسنامەی هاوڵاتیبوونی تۆمەتبارەکان و بە پێی سیستمی یاسایی ناوچەکە بگونجێنریت و پلەدار و بەرپرسە یەکەمەکان لەم دادگایە و پلە ناوەند و بچووکەکانیش ڕەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێن بۆ دادگاییکردن، هۆڵەندا و فەرەنسا بە جیا پرۆژەی دامەزراندنی دادگای تایبەت بە داعشیان پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد. بەڵام لە کۆکردنەوەی پشتگیریی پێویست سەرکەوتوو نەبوون. کێشەی سەرەکی بۆ دامەزراندنی دادگایەکی لەم چەشنە، دووبارە پێویستیی بەدەنگی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە، کە ڕەنگە لەم کاتەدا هەر هەوڵێک لە ئەنجوومەنی ئاسایش بە ڤیتۆی چین و ڕوسیا، لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی پێشوو، شکست بهێنێت.

**گریمانەی سێیەم: دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی تێکەڵ (Hybrid Court)**

مێژووی ئەم جۆرە دادگایە نوێیە و یەکەم دادگا دادگای (SCSL) لە ساڵی 2002 لە سیرالیۆن بە پێی ڕێککەوتنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی سیرالیۆن دامەزرا بۆ دادگاییکردنی چارلس تەیلەر، سەرۆکی لیبریا و سێزدە کاربەدەستی تری پلە باڵا. دووەم دادگای تێکەڵ دادگای (ECCC)ە لە کەمبۆدیا کە لەساڵی 2004 بە هەمان شێوە بە پێی ڕێکەوتنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی کەمبۆدیا بۆ دادگاییکردنی سەرۆکی پێشوتری کەمبۆدیا لەو تاوانانەی لە نێوان ساڵانی 1975 بۆ 1979 کردبوونی. لە لوبنانیش پاش تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری لە ساڵی 2005، حکومەتی لوبنان و نەتەوە یەکگرتووەکان دادگای (SCL) بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کردەوە تیرۆریستییەکە دامەزراند و بڕیار وا بوو دوایین بڕیاڕی دادگاکە لە ڕۆژی حەوتی مانگی هەشتی 2020 بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بە هۆی تەقینەوەکەی بەیروتەوە دواخرا بۆ کاتێکی تر.

لە ئێستادا وا دیارە هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، کە دادگایەکی تێکەڵ بۆ دادگاییکردنی داعش دابمەزرێت، چونکە ئەم جۆرە دادگایە تێکەڵەیەکە لە یاسای ناوخۆیی وڵات و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، هەروەها بە پێچەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە تۆمەتباران دەبرێنە شاری لاهای (هەیگ)ی هۆڵەندا، لەم شێوە دادگایەدا دەکرێت بارەگای سەرەکیی دادگاکە لەو وڵاتە بێت کە تاوانەکانی تێدا کراوە. ئەوەش ئاسانکاریی زۆر بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکان دەکات. هەروەها لە تێکەڵەیەکی دادوەری بیانی و ناوخۆیی دەبێت، کە ئەمەش تێچووی دادگاکە کەمتر دەکاتەوە. بۆیە لە کۆبوونەوە چڕەکانی یونیتاددا لەگەڵ کاربەدەستانی کوردی و عێراقیدا، جەخت لەم جۆرە دادگاییە دەکرێتەوە. لە مانگی حەوت و هەشتی 2020دا کەریم خان-ی سەرۆکی یونیتاد، بە جیا سەردانی سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە و بە پێی ڕاگەینراوی کۆبوونەوەکان هەردوو لا ڕازی بوون بە هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق کە ساڵی 2005 بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن و هاوەڵەکانی دامەزرا، بە شێوەیەک لەگەڵ سروشتی ئەم جۆرە دادگایەدا بگونجێت و پلەدار و ئەمیرەکانی داعش (هەر ڕەگەزنامەیەکیان هەبێت) لە دادگایەکی وادا بۆ تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، دادگایی بکرێن و چەکدارەکانی خوارەوەش ئەوانەی تا ئێستا دادگایی نەکراون، ڕەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێن. سەرەڕای ئەو هەوڵە چڕانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەیدەن، دواجار دەکەوێتە سەر بڕیاری سیاسیی عێراق کە ئایا ئامادەیە بڕیارێکی لەم جۆرە بدات بۆ دامەزراندنی دادگاکە یان نا.

**سەرچاوەکان:**


1) https://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/ResS17_1.pdf

2) https://www.unitad.un.org/

3) https://undocs.org/S/RES/2379(2017)

4) https://undocs.org/S/2020/386

5) https://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/A_HRC_32_CRP.2_en.pdf
6) https://www.undocs.org/S/RES/1970%20(2011)
7) https://www.hrw.org/sites/default/files/report_pdf/iraq1217web.pdf
8) https://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=itemlist&layout=category&task=category&id=164&Itemid=650&lang=en&limitstart=0
9) https://www.icc-cpi.int/
10) https://www.icc-cpi.int/Pages/item.aspx?name=otp-stat-08-04-2015-1
11) http://unscr.com/files/1993/00827.pdf
12) http://unscr.com/en/resolutions/doc/955

# داعش و دادگاییکردن: کەیسی بەکۆیلەکردنی ئێزدییەکان

**سەرکەوت جەلیل**

**(خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی – زانکۆی نیەر ئیست)**

## پێشەکی

وەک بنەما، هەقی خۆیەتی پرسی جینۆساید و کۆیلایەتی و جیاکاریی ڕەگەزی، بەجددی وەربگیرێت، تا چیتر لە ڕێگەی بەکۆیلەکردنی خەڵکی ترەوە، مرۆڤبوونی خۆمان نەخەینە ژێر پرسیارەوە. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە، دەبێت کەسێتی و کەرامەتی خۆی هەبێت، نەک ئەوەی هیرارکی و جیاکاری لە نێویاندا برەوی پێ بدرێت.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە لە 2014دا سەری هەڵدا و بەشێکی بەرچاوی سنوور و خاکی عێراق و سوریای بە دەستەوە بوو، تاوانی جۆراوجۆریان کردووە. زۆر دەزگا و ڕێکخراوە و دەوڵەتیش، سەرکۆنەی ئەو کارانەی داعشیان کرد و هەوڵی جۆراوجۆر درا تا لە هەنگاوی یەکەمدا تاوانکارانیان سزا بدرێن و، لە هەنگاوی دواتریشدا ئاسەواری تاوان و شێواندنەکانیان نەهێڵرێن و دۆخی قوربانی و ڕزگاربووانی بندەستی داعش ئاسایی بکرێتەوە. لەو نێوەندەدا کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا بە ناوی *سەروەریی تیرۆر: ژیان لە سایەی داعشدا لە سوریا*، بە وردی باسی پێشێلکارییەکانیانی کردووە(1). لەوانەش پەلاماردانی خەڵکی سیڤیل، پەلاماردانی منداڵان. لە بەشێکیدا باسی نەهامەتیی مێینە ئێزدییەکان دەکرێت، کە چۆن داعش و جەنگاوەرانی هەندێکیان وەک کۆیلەی سێکسی دەفرۆشنەوە و هەندێکی تریشیان لە نشینگەی زۆرەملێدا دەهێڵنەوە بۆ ئەشکەنجەدان و سێکسی بەزۆر. بەپێی ڕاپۆرتەکە، داعش پێشوازیی لەو تاوانانەی جەنگاوەرانی دەرهەق بە ئێزدییەکان کردووە و، لاقەکردن و بەکۆیلەکردنی ئەو مێینانەی،

بەوەی "کاتێک کەنیزەکێک منداڵی لە ئاغاکەی دەبێت"، وەک یەکێک لە نیشانەکانی کۆتایی دنیا لێک داوەتەوە. بەکارهێنانی سێکسی سیستەماتیک، واتە کاتێک یەکێک لە لایەنەکانی جەنگێک، پەلاماری مێینە و نێرینەی گرووپی بەرامبەر دەدەن و لەو ڕێیەوە هەم دەیانشکێنن و هەم دەشیانەوێت کۆتایی بە تۆو و بنەچەیان بهێنن، تاوانێکی جەنگە و لە یاسای نێودەوڵەتییدا سزای بۆ بڕاوەتەوە. داعشیش یەکێک لە مەبەستەکانی پشتەوەی پەلاماردانی ئێزدییەکان، وەک لە ڕاپۆرتەکەدا باس کراوە، ئەوەیە: لە ڕێی لاقەکردنی مێینە ئێزدییەکانەوە ڕێ لە وەچەخستنەوەیان بگرێت. لە لێدوانێکی بان کی موون، سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا، کاری گرووپە تیرۆریستییەکان، لە نێویشیاندا داعش، خراوە بەر چاو و بەر باس. موون جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو گرووپانە لەگەڵ ژن و کچاندا وەحشیین و کەمینەکانیش پاکماڵ دەکەن(2).

داعش زۆری کردووە، کە پێویستیی بە ڕێکخستن و پۆلێنکردن و خەمخواردنی سیستەماتیک و شێلگیرانەیە. ئەزموونی تاوانەکانی پێشوو، لەوانەش شالاوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، جگە لە دەیان و سەدان کەیسی تاکەکەسی کە کوژراون، بریندار کراون، بێسەروشوێن کراون، پێمان دەڵێن کە دەبێت پەلاماری داعش بۆ سەر ئێزدییەکانی شینگاڵ و شوێنەکانی تریش، بەهەند بگیرێن و کاری بەکۆمەڵیان بۆ بکرێت تا ئەو دوو ئامانجەی سەرەوە (سزادانی تاوانکاران و ئاساییکردنەوەی دۆخ و باری ژیانی ڕزگاربووەکان) بەدیبێت. من لێرەدا، کەیسی بەکۆیلەکردنی ئێزدییەکان باس دەکەم، بەو پێیەی ڕووماڵکردنی گشت تاوانەکانی داعش، تەنانەت ئەوانەشی دەرهەق بە ئێزدییەکان کردوونی، ڕووبەرێکی زیاتریان دەوێت و لە ئاستی وەها نووسینێک بەدەرە.

**بەکۆیلەکردن لە سیاقی یاسایی عێراقدا**

عێراق هەردوو پەیماننامەی کۆیلایەتیی 1926 (3) و پەیماننامەی تەواوکاریی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە کۆیلە و هەر کارێکی تر کە لە کۆیلایەتی بچێت 1956 (4) پەسەند کردووە و بەو پێیەش دەبێت پابەندی حوکمەکانیان بێت. هەروەها هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیشی، پەسەند

کردووە. لە دەستووری 2005(مادەی 37، بڕگەی 3)دا هەموو جۆرەکانی کاری زۆرەملێ (بێگاری)، کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە کۆیلەوە، بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان و بازرگانیکردن بۆ مەبەستی سێکسی (لەشفرۆشی)، قەدەغە کراون. لە یاسای سزادانی ژمارە 111ی ساڵی 1969(مادەی 13)دا، هەر کەسێک ئەگەر لە دەرەوەش بازرگانیی بە ژن و منداڵ و کۆیلەوە بکات، بەڵام لە عێراقدا دەستبەسەر بکرێت، حوکمەکانی یاساکەی بەسەردا دەچەسپێت. بەپێی هەمان یاسا هەر فەرمانبەرێک بە زۆر کار بە کەسێکی تر بکات بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا بۆ بەرژەوەندیی گشتی بڕیاری لێ داون، سزا دەدرێت(مادەی 325). ئەگەر هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێک، بەهۆی یەکێک لە هۆکارە شەرعی یان یاساییەکان پووچەڵ بێت، پیاوەکەش بزانێت پووچەڵە و هەر لەسەریشی سوور بێت، تاوانە. ئەگەر ئەو زانیارییانە لە ژنەکەش بشارێتەوە، سزاکەی توندتر دەبێت(مادەی 376). هەر مێردێک هانی ژنەکەی بدات بۆ زینا و ئەویش لەسەر ئەو هاندانە وەها کارێک بکات، مێردەکە سزا دەدرێت(مادەی 380). هەروەها سێکسکردن لەگەڵ مەحرەمی خۆ، تاوانە، تەنانەت ئەگەر تەمەنی یاساییشی تەواوکردبێت و بە کارەکەش ڕازی بێت(مادەی 385). هەڵنانی منداڵ بۆ سواڵکردن، تاوانە(مادەی 392). ئیستیغلالی سێکسی، تاوانە؛ ئەگەر قوربانییەکەش منداڵ یان ژن بێت و بەو هۆیەوە سکی پڕ بێت، ئەوە سزاکەی قورستر دەبێت(مادەی 393، بڕگەی 2). مادەکانی دواتری یاساکەش (تا مادەی 438) کە تایبەتن بە پاراستنی ئەخلاقی گشتی و ژیان و سەلامەتیی هاووڵاتییان، بەشێکن لەو سیستەمی بەرگرییە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا لە عێراق زنجیرەیەک یاسای تر دەرچووێنراون، کە خزمەتی هەمان ئامانج دەکەن. لەوانەش یاسای بانکی چاو ژمارە 113ی ساڵی 1970؛ یاسای چاندنی گورچیلە ژمارە 60ی ساڵی 1981 بەمەبەستی ڕێکخستنی چۆنێتیی مامەڵەکردن بە ئەندامانی جەستەوە؛ یاسای چاودێریی ناکامان ژمارە 78ی ساڵی 1980؛ یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە 76ی ساڵی 1983، بەمەبەستی پاراستنی ناکام و نەوجەوان لە هەموو جۆرەکانی ئیستیغلال و لادان؛ پەسەندکردنی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی ڕێکخراو لە 2007 و پرۆتۆکۆلەکەی، کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، بەتایبەتی ژنان و منداڵان؛ پەسەندکردنی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی؛ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەی کۆچی نێودەوڵەتی لە 2011دا، کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی هاریکاری لە بوارەکانی کۆچ و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە؛ پەسەندکردنی پەیماننامەی تایبەت بە قەدەغەکردنی بەبارمتەگرتنی خەڵک لە

2012دا؛ لەگەڵ دەرچوواندنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بە ژمارە 28ی ساڵی 2012. بەپێی ئەم یاسایەی دوایی، لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ بە ناوی "لیژنەی ناوەندیی نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە" پێکدەهێنرێت. هاوکات لە هەر هەرێم و پارێزگایەکیش، لیژنەیەکی ناوچەیی بە سەرۆکایەتیی پارێزگار و ئەندامێتیی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تریش، دروست دەکرێت و لەگەڵ لیژنەی ناوەندیدا کۆدەبنەوە و تاووتوێ دەکەن، کە چۆن بە باشترین شێوە یاساکە جێبەجێ بکەن. ئەم یاسایە بەگشتی لە یاسایەکی پێشکەوتوو دەچێت، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک:

یەکەم، جگە لە عێراقی، حسابی بۆ غەیرە عێراقییش کردووە و ڕێوشوێنی پاراستنی بۆ داناون (مادەی 11).

دووەم، حسابی بۆ تەکنۆلۆجیا و تۆڕی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانیش کردووە و سزای بۆ ئەو کەسانە دیاری کردووە، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە وەها کارێک دەکەن (مادەی 7).

سێیەم، حسابی بۆ تەمەنی قوربانییەکە نەکردووە و ڕەزامەندیی بە هیچ شێوەیەک بەهەند نەگرتووە (مادەی 10)، واتە گەورە و منداڵ بە هەمان شێوە پارێزراون.

چوارەم، ئەگەر کاری بەکۆیلەکردنەکە ببێتە هۆی مردنی قوربانییەکە، بەبێ گوێدانە تەمەن یان جێندەری، سزاکەی لەسێدارەدان دەبێت (مادەی 8).

بەوەش دەردەکەوێت، کە یاسادانەری عێراقی لە پرسی نەهێشتن و سزادانی تاوانی بەکۆیلەکردن و بازرگانیکردن بە مرۆڤدا، جددییە و هەنگاوی چاکی هاوێشتووە. هێندەی پێی کراوە، دەرکەوتە و جۆرە جیاوازەکانی کۆیلایەتیی ڕووماڵ کردووە و ڕێکخستووە. بەڵام خاڵێکی لاوازی زەق لە سیستەمی یاسایی عێراقیدا هەیە، ئەویش هەوڵی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسییە، بە جۆریک، کە هەر مەزەبە و یاسای تایبەت بە خۆی پێڕەو بکات. وەها یاسایەک جگە لە پەرتەوازەکردنی زیاتری پێکهاتە ئاینییەکانی عێراق، قوربانیی یەکەمیش تێیدا ژنان و کچان دەبن، بەو پێیەی بواری مامەڵە پێوەکردن و پێشێلکردنی مافەکانیان و زەوتکردنی ئازادییان، فراوانتر دەکات.

**کۆیلایەتی لە واقیعی عێراقدا**

سەرباری هەر تێبینییەک لەسەر ئاستی یاسا و پێڕەوەکان، هێشتا واقیع شتی ترمان پێ دەڵێت. بەپێی هەندێک ڕاپۆرت، عێراق لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی جیهان و عەرەبییشە لە ڕووی زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی بەکۆیلە کراون و بازرگانییان پێوە دەکرێت، بەتایبەتیش بۆ مەبەستی سێکسی. لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2016دا، کە لە لایەن چەند خانە و دەزگایەکەوە ئامادە کراوە، لەوانەش خانەی وۆڵک فری(Walk Free)، ئاماژە بەوە کراوە، کە زیاتر لە 40 ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا، بەکۆیلە کراون یان وەک کۆیلە دەژین. ڕاپۆرتەکە ئەو حاڵەتانەشی وەک کۆیلایەتیی نوێ ( modern slavery) ناساندووە(5). لەو ژمارەیەش نزیکەی 25 ملیۆن کەس کاری زۆرەملێ دەکەن و 15 ملیۆنیش بەزۆر هاوسەرگیرییان پێ کراوە. لە ڕووی جێندەریشەوە، ژنان زیاتر لە پیاوان بەکۆیلە کراون (71% ژن و 29% پیاو). هەروەها 99%ی ئەوانەی لە ڕووی سێکسییەوە ئیستیغلال کراون، 84%ی ئەوانەی بەزۆر هاوسەرگیرییان پێ کراوە، 59%ی ئەوانەشی کاری زۆرەملێیان پێ کراوە، ژنانن. لە ڕووی تەمەنیشەوە، زۆرینەی قوربانییەکان منداڵن. لە ڕووی شوێنیشەوە، زۆربەیان دانیشتووی ئاسیان.

لە عێراقیشدا، زیاتر لە 400 هەزار بەکۆیلەکراو هەن (کە دەکاتە 1.13%ی کۆی ژمارەی دانیشتووان). هەرێمی کوردستانیش لەو ژمارەیەدا پشکی خۆی هەیە، ئەوەش بەهۆی شەڕەکانی داعشەوە، کە تێیدا چەندان شاری گەورە کەوتنە دەست ئەو گرووپە و لەوێشەوە جگە لە کوشتن و بەکۆیلەکردن، خەڵکانێکی زۆریان بردە ڕیزەکانی خۆیانەوە. لە هەرێمی کوردستاندا دیارترین گرووپە بەرکەوتووەکانیش، وەک لە ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێم و ڕێکخراوەی دۆکیومێنتاریی ئێزدیی لە 2016دا هاتووە، زیاتر لە 3700 ژن و پیاو و منداڵی ئێزدیین، کە داعش لە 2014ەوە ڕفاندوونی(6). هەروەها کرێکارە بیانییەکانیش، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە هاتوون، کە ئەوانیش چەندان جار هەوڵی ڕفاندن و بازرگانی پێوەکردنیان دراوە. ئەو ئێزدییانەشی داعش ڕفاندنی، هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی و کۆیلایەتیی نوێیان بەسەردا سەپێنراوە؛ هەر لە بردنی منداڵ، کارکردنی زۆرەملێوە بیگرە، تە دەگاتە ئیستیغلالی سێکسیی ژنان و کچان، بازرگانی پێوەکردن و هاوسەرگیریی بەزۆر لەگەڵیان.

**دادگاییکردنی داعش**

عێراق ئەندامی نیزامی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (1998) نیە، واژۆی نەکردووە و پێوەی پابەند نیە. ئەوەش وا دەکات ئەگەری دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، کەم یان سفر بێت. هێندەی هەیە و وەک قەرەبووکردنەوەی ئەو بۆشاییە، عێراق لە دوای 2003وە نەریتێکی تایبەت بە خۆی داهێنا، ئەویش دادگاییکردنی تاوانە گەورەکانە لە ڕێی دادگای باڵای تاوانەکانەوە، کە لە ئەزموونی یەکەمیدا تۆمەتبارانی ڕژێمی بەعسی دادگایی کرد و سزا دا (سەدام و عەلی کیمیایی بە لەسێدارەدان و هەندێکی تریش بە زیندانیکردن). ئەو نەریتەش پەیوەندیی بە ئەمەریکییەکانەوە هەیە، کە پاش جەنگی جیهانیی دووەم ئەزموونی هەردوو دادگای نۆریمبێرگ (تایبەت بە تۆمەتبارانی ڕژێمی نازییەکانی ئەڵمانیا) و دادگای تۆکیۆ (تایبەت بە تۆمەتبارانی شانشینی یابان)ی هەیە. ئەو دادگایانەش لە سەردەم و سیاقێکدا بوون، دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی نەبوو، نیزام، پەیماننامە یان یاسایەکی وەک ئەوەی ڕۆما نەبوو، بکرێت لە ڕێیەوە تۆمەتبارانی تاوانە گەورەکان، کە ئێستە پێیان دەوترێت تاوانە نێودەوڵەتییەکان، دادگایی بکات. ئێستە وەها پەیماننامە و دادگایەک هەن، بەڵام عێراقی تێدا نیە.

بەگشتی وا دەبینرێت، کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بگرە ناوخۆییش، مەیلیان لە دادگاییکردن و یەکلاکردنەوەی دۆسیەی تاوانەکانی داعش بێت. بۆ نموونە، لە پێشهاتێکی نوێدا دادگای باڵای فرانکفۆرت، ئەڵمانیا لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا، بە تۆمەتی پەیوەندیی بە داعش و کوشتنی کیژۆڵەیەکی ئێزدی لە عێراق، دەستی کرد بە دادگاییکردنی پیاوێکی عێراقی و هاوسەرەکەی(7). لەسەر ئاستی ناوچەیی و ناوخۆییش، چەند مانگێکە هەم لە سوریا و ڕۆژئاڤا(8)، هەم لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، جۆرێک ئامادەکاریی بەو ئاقارەدا سەر پێ کەوتووە. ئەوەتا لە ڕۆژئاڤا، هۆڵ دروست دەکرێت و هەنگاو بۆ دەستکردن بە پرۆسەی دادگایی و دادبینی دەنرێت. عێراقیش پرۆژە یاسا ئامادە دەکات و لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەخوێنرێتەوە. هەرێمی کوردستانیش، وەک ئەوەی لە زاری بەرپرس و وتەبێژەکانەوە دەیبیستین، بەنیازە بەشداریی کارای لەو پرۆسەیەدا هەبێت. ئەوەش کارێکی ڕەوا و بگرە پێویستیشە، چونکە کورد، بەتایبەتیش ئێزدییەکان، زیانمەند بوون و مافی خۆیانە بە هەموو جۆرێک قەرەبوو بکرێنەوە. جگە لەوەش، گرنگە هەمان هەڵە یاسایی و تەکنیکییەکانی

سەردەمی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ڕژێمی بەعس لەسەر دۆسیەی کیمیاییبارانی هەڵەبجە و شاڵاوی ئەنفال، دووبارە نەکرێنەوە، وەک ئەوەی نەیانتوانی تەنانەت ستافێکی باش بۆ وەرگێڕانی کوردی بۆ عەرەبی و بەپێچەوانەشەوە، دابین بکەن. ڕاستە گرنگە تاوانکارانی داعش دادگایی بکرێن و بیر لە بەجێهێنانی دادپەروەریی بکرێتەوە، بەڵام وەک نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عێراق، جەختی لێ دەکاتەوە(9)، دواجار لەسەرخۆیی و وردبوونەوە لە هەمووی گرنگترن، تا هەمووان (هەم تاوانلێکراو و هەم تاوانکاریش) مافی خۆیان وەربگرنەوە و دادگاییەکان بە ڕێچکەی "هەڵەشەیی" و "هەڵەکردن"دا نەبرێن.

ئەمانەش کۆمەڵێک ترسن، کە بنچینە و پێشخانی ڕەوایان هەیە، چونکە زیاد لە جارێک دادگایی خێرا و ماوەکورتمان لە عێراقدا دیوە، کە زیاتر بۆ مەبەستی تۆڵەکردنەوە و لەناوبردنی سیاسی بەگەڕخراون، نەک بیرکردنەوە لە پرسی داد و دادپەروەری. لە هەنگاوی یەکەمدا، بەگشتی جۆرێک ئامادەباشی دەبینرێت. بە وتەی حکومەتی هەرێم بێت، ژمارەیەکی بەرچاو (2400) کەیسی ڕفێنراوان ئامادە کراون و چاوەڕوانن تا ناوەڕاستی 2021 کە بڕیارە دادگاییکردنی داعش دەست پێ بکات، کەیسەکانی تریش ئامادە بکەن(10). زۆرینەی کەیسەکانیش، بێگومان، ڕفێنراو و بەکۆیلەکراو(فرۆشراو)ە ئێزدییەکانن، کە ژمارەیان لە 3000 زیاترە. کورد زیانی جۆراوجۆری لە جەنگی دژ بە داعشەوە لێ کەوتووە، بەڵام دەکرێت بڵێین زەقترین و گەورەترینی کەیسەکان، تاوانەکانی دەرهەق بە ئێزدییەکانە.

هەنگاوی یەکەمی دادگاییکردنی داعش بە بڕیاری 2379ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەستی پێ کرد(11). لەو بڕیارەدا داوا لە سکرتێری گشتی کراوە، کۆمسیۆنێکی تایبەت بە لێوەکۆڵین و کۆکردنەوەی بەڵگە لە پێشێلکارییەکانی داعش لە عێراق، پێک بهێنێت. بەپێی بڕیارەکە، کۆمسیۆنەکە "سەربەخۆ و بێ لایەن دەبێت"، "هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ هەوڵەکانی ناوخۆ بەو ئاقارەدا، دەکات" و "ڕێزی سەربەخۆیی و سەروەریی عێراقیش دەگرێت". کۆمسیۆنەکە پێکهێنرا و لە ئێستادا سەرقاڵی کارەکانیانن. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش، پێش چەند هەفتەیەک بۆ یەکەمین جار، ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی خوێندەوە. عێراق پشت بە یاسای دادگای باڵای تاوانەکان ژمارە 10ی ساڵی 2005 دەبەستێت(12). لەو یاسایەدا (مادەکانی 11، 12، 13، 14)

جۆری تاوانەکان، کە دادگاکە دەتوانێت دۆسیەکانیان ببینێت، دیاری کراوە. ئەو تاوانانەش بریتیین لە تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەندێکی تریش.

بۆ سێ جۆری یەکەم، لە ڕووی پێناسە و دیاریکردنی خەسڵەتە گرنگ و جەوهەرییەکانی تاوانەکانەوە، پشتی بە یاسای نێودەوڵەتی بەستووە، بەتایبەت پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید (1948) و پەیماننامەکانی ژنێڤ (1949). بەپێی پرۆژەی هەموارکردنی یاساکەش، "تاوانەکانی داعش" کە دەشێت "جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ بن" خراونەتە لیستی ئەو تاوانانەوە کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندیی یاسایی دادگاکەوە. بەکۆیلەکردن و لاقەکردن و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و کوشتنی بەکۆمەڵ و بەزۆر وەدەرنان و سەرنوقمکردن، دیارترین تاوانەکانی داعشن. ئەوانەش دەشێت تاوانی جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و یانیش تاوانی جەنگ بن. ئەمانەش لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێگەی تایبەتیان هەیە و سیستەمێکی تایبەتیان بۆ چێ کراوە. کەچی هێشتا لە عێراقدا وەک پرسێکی ناوخۆیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، وەک هەر تاوانێکی تری ناوخۆیی کە کەسێک دژی کەسێکی تر دەیانکات. ڕەنگە لە هەندێک وردەکاریدا مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەنجامگیریی کۆتایی و بێ گومان ئەوەیە، عێراق وەک تاوانی ناوخۆیی سەیریان دەکات. وەک پێشتریش بینیومانە، دواجار عێراق، وەک لە پرۆژەی هەموارکردنەوەکەشدا جەختی لێ کراوەتەوە، یاسای سزادان (ژمارە 111ی ساڵی 1969) و یاسا سزاییەکانی تر، لەوانەش یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، جێبەجێ دەکات. ئەو یاسایانەش سزای بەندکردن و زیندانیکردنی هەتا هەتایی و زیندانیکردنی تا مردن و لەسێدارەدانیشیان تێدایە.

**ئەنجام**

کەیسی ئێزدییەکان شایەنی ئاوڕلێدانەوەی زیاترە، لەبەر ئەوەی لە چەند ئاستێکدا مافەکانی تێدا پێشێل کراوە، هەم وەک تاکەکەس، هەمیش وەک گرووپ و کەمینەیەکی ئاینی. بەوەش ڕەگەزی چەند تاوانێکی تێدا پەنهانە، لە جینۆسایدەوە تا تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییش. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، ڕفاندن و ڕاگواستنی زۆرەملێ؛

هاوسەرگیری و سێکسی زۆرەملێ؛ کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچان؛ بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، چ لە ناوەوەی عێراق و چ لە دەرەوەش (سوریا)؛ ئیستیغلالی سێکسی؛ بێگاری و کاری زۆرەملێ، گرنگترین ڕەگەز یان پێکهێنەرەکانی تاوانی بەکۆیلەکردن و بازرگانیکردنن بە مرۆڤەوە لە کەیسی ئێزدییەکاندا ڕوویاندابێت. دەکرێت هەموو ئەم تاوانانەش لە دەستەواژەیەکدا کورت بکەینەوە، ئەویش "زەوتکردنی ئازادی"ی کەسەکانە. لەکاتی وەها مامەڵە و لێکدانەوەیەکدا بۆ مرۆڤەکان، پێش هەموو شتێک ویستی ئازادیان داگیر دەکرێت و لەوە دەخرێن، کە کەس و کەسێتی بن، بەڵکو زیاتر وەک شمەکێک سەیر دەکرێن، کە وەک هەر شمەکێکی تر ئاساییە بجوولێنرێن و بازرگانییان پێوە بکرێت. کەیسی ئێزدییەکان لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە پێمان ناوەتە هەزارەی سێیەمی دوای زایینەوە، دەیان ساڵە (لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە) هەوڵی چڕ بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و کەرامەت بۆ مرۆڤەکان بەردەوامە، بەڵام بە حوکمی ئایدیۆلۆجیای گرووپی باڵادەست (داعش)، کوشتن و لاقەکردن و بازرگانیکردن بە ئێزدییەکانەوە (وەک کەمینەی لاواز یان ژێردەستە) دەبێتە شتێکی ئاسایی و ڕەوا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە کۆیلایەتی، وەک زۆریکی تر لە پرسەکانی پەیوەست بە مرۆڤ و مافەکانییەوە، پرسێکی زەینی و ئایدیۆلۆجییشە. دەبێت لە ڕیشەوە دەست بۆ هۆکارەکانی بەکۆیلەکردن لە سەردەمی نوێدا، ببرێت و لە ڕەهەندە جیاواز و فرەکانییەوە هەڵبسەنگێنرێت؛ ئابووری، سیاسی، ئایدیۆلۆجی، کۆمەڵایەتی.

گرنگە کورد و حکومەتی هەرێم، گرنگیی زۆر بە ئەرشیڤکردن بدەن: ئەرشیڤ و ئەرشیڤ و ئەرشیڤ. پێشتر و لە چەندان بۆنەدا، حکومەتی هەرێم نەرمیی نواندووە و کەمتەرخەم بووە لەوەی لە بایەخی ئەرشیڤ تێبگات و بەهەندی بگرێت. دەبێت ئەم کەیسانە بچووک سەیر و مامەڵە نەکرێن، گرنگە هەرچی زیاترە بە ئاگایی و بایەخ و سەرنجی وردەوە ئەرشیڤ بکرێن، بەڵگەکان کۆبکرێنەوە و لەگەڵ کەسانی زمانزان و پسپۆڕدا تاووتوێ بکرێن، پارێزەری لێهاتوو بۆ ڕزگاربووان و مافخوراوان دابین بکرێت، تا کەمترین هەل بۆ دووبارەبوونەوەی وەها ڕووداو و مەرگەساتێک، جێبهێڵرێت.

ئایا دادگاییکردنی تاوانکارانی داعش و سزادانیان، دەبنە ڕێگر لە دووبارەبوونەوەی وەها تاوانەیلێک؟ ئایا دەتوانین خۆمان لە هەمان هەڵەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەیسی بەعسیزم و بەعسییەکان بپارێزین، بەوەی تەنیا بایەخمان بە گۆڕینی ڕووخسارەکان دا، لەبری گۆڕینی بیرکردنەوە و زەینییەتی

دەسەڵاتداری و بەڕێوەبردن؟ ئایا کەیسی ئێزدییەکان، بەراورد بەو وەحشییەتە زۆر و گەورەیەی دژیان پیڕەو کراوە، وا دەکات جارێکی تر بیر لە چەمکی دیموکراسی و دەلالەتەکانی بکەینەوە؟ نازانم، دڵنیا نیم، بگرە گومانم هەن. ویستی دەسەڵاتدارانی ئێستا، چ لە بەغدا و چ لە هەولێر، هێندە سەرپێیی بیر لە شتەکان دەکەنەوە، ڕێگە بۆ پشکنینی وردی دیاردە و پێشهاتەکان خۆش ناکەن. ئەگینا بە هەموو پێوەرێک، پرسی داعش و توندڕەویی ئاینی و ئەو لێشاوەی تاوانی گەورە و نێودەوڵەتی، لە بنەوە پەیوەستە بە پرسگەلێکی وەک حوکمڕانیی باش، دەوڵەتی یاسا، دەوڵەتی ماف، دیموکراسی و هتد. گەر دادگایی تەنیا لە ئاستی سزادانی کۆمەڵێک "تاکەکەس"دا بمێنێتەوە و نەپەڕێتەوە بۆ دادگاییکردنی "تەرزی بیرکردنەوە"ی ئەو کەسانە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەو دیاردە و تاوانانە هەر دەمێنن.

**سەرچاوەکان:**

1) https://www.ohchr.org/_layouts/15/WopiFrame.aspx?sourcedoc=/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/HRC_CRP_ISIS_14Nov2014.doc&action=default&DefaultItemOpen=1

2) https://www.un.org/sg/en/content/sg/statement/2014-09-24/secretary-generals-remarks-security-council-high-level-summit

3) https://www.ohchr.org/documents/professionalinterest/slavery.pdf

4) https://www.ohchr.org/Documents/ProfessionalInterest/slaverytrade.pdf

5) https://www.traffickingmatters.com/wp-content/uploads/legal-resources/walk-free-global-slavery/2016-Global-Slavery-Index-Walk-Free.pdf

6) https://ihrckr.org/wp-content/uploads/2017/01/تقرير-العبودية-2الجديدة-النهائي.pdf

7) https://www.dw.com/ar/ألمانيا-بدء-محاكمة-جهادي-بتهمة-الأبادة-ضد-الأيزيديين/a-53228446

8) https://xelk.org/234781/
9) https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_Report_HRAdministrationJustice_Iraq_28January2020_AR.pdf
10) http://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=91261&Jor=1
11) https://www.securitycouncilreport.org/atf/cf/%7B65BFCF9B-6D27-4E9C-8CD3-CF6E4FF96FF9%7D/s_res_2379.pdf
12) http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/19481.html

# بەجیهانیبوونی ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" و لێکەوتەکانی

**محەمەد ئەحمەد**

**(مامۆستای بەشی زانستە سیاسییەکان – زانکۆی سەلاحەدین)**

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستیی جیهانییە. ئەگەرچی ئەم ڕێکخراوە بنکە سەرەکییەکانی لە وڵاتانی عێراق و سوریا بوون، ئێستاش بە شێوەیەکی نهێنی چالاکییەکانی خۆی ناوبەناو لە چەند ناوچەیەکی ئەو دوو وڵاتە ئەنجام دەدات، بەڵام هەڕەشەکانی تەنیا پەیوەست نەبوون و نین بەو دوو وڵاتەوە، بەڵکو سیستەمی نێودەوڵەتی و ئاشتی و ئارامیی جیهانیی خستووەتە بەردەم مەترسی و هەڕەشەوە.

لەم نووسینەدا، دەمانەوێت تەنیا جەخت بکەینە سەر بەشێک لەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەر بوون بۆ بەجیهانیکردنی مەترسییەکانی ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی". لەو چوارچێوەیەشدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی زانستییانە هەڵوەستەیان لەسەر بکەین و لێیان بکۆڵینەوە لە دووتوێی چەند باسێکدا، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین.

## (أ) جەمسەرگیریی سیاسیی جیهانی و گەشەسەندنی تیرۆریزم:

جەنگی سارد و دابەشبوونی جیهان بۆ سەر دوو جەمسەری ئایدیۆلۆجی، سیاسی و ئابووری کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر جووڵانەوە ڕزگاریخوازی، ناسیۆنالیستی و سیاسییەکان. هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆڵی بەرچاویان دەگێڕا لە یارمەتیدان و

پاڵپشتیکردنی گرووپە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە دەسەڵات یان پارێزگاریی لە مانەوەی دەسەڵات بکەن، لە پێناو پاراستن و فراوانکردنی هەژموون و دەسەڵاتیاندا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە دواتر لە ڕێگەی دەوڵەتانی هاوپەیمانیانەوە ڕێگرییان لە پەلکێشانی وڵاتانی بلۆکی نەیار دەکرد. هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەبوونە بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانیاندا. لەم چوارچێوەیەشدا هەردوو زلهێزە جیهانییەکە ڕۆڵیان هەبوو لە هاتنەسەر دەسەڵات یاخود لە دەسەڵات لابردن و مانەوەی زۆرێک لە سەرکردە دیکتاتۆرییەکانی جیهان(1).

ئەوەی جێگەی باسی ئێمەیە لێرەدا یارمەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆمەڵێک وڵاتی تری هاوپەیمانێتی لە پشتگیری و کۆمەککردنی ئیسلامی سیاسی-جیهادی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی کۆمۆنیزم لە جیهاندا، بەتایبەت لە وڵاتی ئەفغانستان، ئەویش لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. یارمەتییە لەشکری و لۆجستییەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا بووە هۆی بەهێزبوونی ڕەوتی سەلەفی جیهادی لە جیهاندا، کە دوای دەرچوونی سوپای سۆڤییەت لە وڵاتی ئەفغانستان لە ساڵی 1989 و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ئەو جیهادیستانە بە وڵاتە ئیسلامی-عەرەبییەکاندا بڵاوبوونەوە و هۆکار بوون بۆ ئەوەی ڕەوتی ئیسلامی لەو وڵاتانەدا زیاتر بەرە و پەرگیری بچێت. لەمڕۆدا مەترسیی ئەو جیهادیستانە تەنیا بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی نییە، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بچووکبوونەوەی جیهان بە هۆی دیاردەی بەجیهانیبوونەوە، مەترسییەکانی ئەم جیهادییانەش بەجیهانیی بوون و بوونەتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی(2). هەڵبەت، ئەگەر کۆتاییهاتنی جەنگی سارد "جیهادییە عەرەب-ئەفغانەکانی" بە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاو کردەوە، ئەوا دیاردەی بەجیهانیبوون و شۆڕشی دیجیتاڵی، ئایدیۆلۆجیی جیهادیی بە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە.

نوام چومسکی لە کتێبی (لەبارەی تیرۆریزمی ڕۆژئاوایی)دا، تیشک دەخاتە سەر یارمەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و سعودیە لە پشتگیریکردنی ئیسلامی توندڕەو و پەڕگیر. چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات، یارمەتییەکانی هەریەک لە ئەمەریکا و سعودییە بۆ جیهادیستەکانی ئەفغانستان لە کەس شاراوە نییە، کە لە وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە جیهادیستەکانیان هان دەدا بۆ "جیهاد" واتە بۆ جەنگ ڕوو لە ئەفغانستان بکەن، کە بە چەکی واشنتۆن و لەندەن بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا شەڕیان دەکرد(3).

یارمەتییەکان بۆ "جیهادیستە عەرەب-ئەفغانەکان" بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم هێزە لە دوای کشانەوەی سوپای یەکێتیی سۆڤیەت لە خاکی ئەفغانستان، ئەزموونێکی گەورەی چەکداریی بۆ بەجێبمێنێت. ئەمە سەرەڕای ئەو یارمەتییە لەشکریی و لۆجستیکییانەی کە بۆیان مابووەوە. جیهادیستەکان ئەم سەرکەوتنەیان بە سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەر بلۆکی ڕۆژهەڵات نەدەزانی، بەڵکو بە سەرکەوتنی ئیسلامیان دەزانی بەسەر یەکێک لە زلهێزەکانی جیهاندا. لەدوای ئەو سەرکەوتنە جیهادیستەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شکستهێنان بە زلهێزەکەی تری جیهان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو(4). بەم جۆرە ململانێی نێوان دوو ئایدیۆلۆجیی دژ بەیەکی جیهانی لە نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگۆڕیت بە ململانێی نێوان ڕۆژئاوا و گرووپە جیهادییە-تەکفیرییەکان.

لە دوای دەرچوونی سوپای یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، ئەو بیرۆکەیە هاتە ئاراوە بۆ سەرکردایەتیی ڕێکخراوەی قاعیدە، کە جیهاد دژ بە کافران بەردەوام بێت و ئەم جارە ئاراستەی دژایەتیکردنی بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بگۆڕیت. ئەگەرچی شەڕی بۆسنە (1992-1995) بووە هۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا جیهادییەکان تەرکیزیان لەسەر دوژمنە نوێیەکەیان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لاواز بێت، بەڵام لە دوای ئەو جەنگە دژایەتی و پەلامارەکانی ڕێکخراوەی قاعیدە بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی لە هەڵکشان کرد، لە دوای یازدەی سێپتەمبەریشەوە ڕەوتی جیهادی-تەکفیری پێی نایە قۆناغێکی تازەتر(5).

کاریگەریی ڕەوتی بەجیهانیبوون و هێرشی بەها مادیگەرا ڕۆژئاواییەکان بۆ سەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، پەرەسەندنی ململانێی ئیسرائیل-فەلەستین، هەروەها دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو (1992)، کۆمەڵە هۆکارێک بوون بۆ دژایەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەن ڕێکخراوەی قاعیدە و شوێنکەوتووانیانەوە. چوونکە ئەو هەنگاو و بارۆدۆخەیان بە داگیرکردنی کەلتووری و زەمینیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیان دەزانی لەلایەن ڕۆژئاواوە(6).

لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئوسامە بن لادن هەستا بە دروستکردنی شانەی سەلەفی-جیهادی لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپی، بۆ ئەوەی هزری سەلەفی-جیهادی لەناو لاوە موسوڵمانەکاندا

بڵاو بکەنەوە، لەو وڵاتانەش وەک ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا. لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەری ئەو شانە نهێنییانە زیاتر بوون و، لە ڕێگەی شانەکانەوە گەنجان ڕێک دەخران و بۆ عێراق ڕەوانە دەکران، تا دژ بە سوپای هاوپەیمانان جیهاد (شەڕ) بکەن. ئەبو موسعەب زەرقاوی وەک ڕێبەرێکی قاعیدە لە عێراق (2004-2006) لەو چوارچێوەیەدا توانیبووی بەشێک لە گەنجە موسوڵمانەکانی ئەڵمانیا لە ڕێگەی کەسێکی "جیهادی" خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بەناوی (ابو عطا) بۆ نێو ڕێکخراوەکەی ڕابکێشێت(7).

بەم شێوەیە دەبینین سیستەمی دوو جەمسەری جەنگی سارد ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی هەبووە لەسەر بەهێزبوونی "جیهادیستەکان" و کۆبوونەوەیان لە چواردەوری یەکتر، کە ئەوەش متمانە و گڕوتینێکی زیاتری پێ بەخشین و، لە چوارچێوەی چەند ڕێکخراوەیەکی کاریگەردا پێکەوەی بەستنەوە. هەروەها سەرنجی جیهادیستەکانی جیهانیان بۆ سەرکەوتنەکانیان لە خاکی ئەفغانستان ڕاکێشا.

لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و لەناوچوونی ئەو دوژمنە سەرەکییەی کە وڵاتانی کەنداو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ جیهادیستەکانیان دروست کردبوو، ئەو گرووپانە ئاراستەی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەکانیان بۆ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا گۆڕی، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەمەریکا بنکە سەربازییەکانی لە دوای شەڕی کوەیتەوە (1991) لە وڵاتانی ئیسلامی دامەزراند. ئەو هەنگاوە بۆ گرووپە جیهادییەکان و لەسەرووی هەموویەوە بۆ قاعیدە داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بوو لەلایەن دەسەڵاتی خاچپەرستی ڕۆژئاواییەوە (بە وتەی ئەوان)، بۆیە دژایەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بووە ئامانجی سەرەکیی ئەلقاعیدە و جیهادیستەکان بە گشتی. دەتوانین بڵێین جەنگی سارد جیهادییەکانی هێندەی تر بەهێز کرد و، لە دوای کۆمۆنیزمەوە کردنییە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهانی.

**(ب) پشێویی سیاسی و ستەمی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:**

لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو سیستەمانەی کە هەبوون و هەن لەسەر بنەمای حوکمێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆری بونیاد نرابوون و نراون، کە بە شێوەیەکی ستەمکارانە کۆمەڵگەکەیان

بەرپێوە دەبەن. ئەم رژێمانە بانگەشەی سیکۆلاریزم، سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمیان دەکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا سیستەمگەلێکی دواکەوتوو و کۆنەپارێز بوون. ئەو زوڵم و ستەمەی کە ئەم سیستەمانە لەسەری وەستابوون یارمەتیدەر بوون بۆ دەرکەوتن و بەهێزبوونی هێزە ئیسلامییە فەندەمێنتالیستەکان. لەسەر ئەم بنەمایە ئیسلامی سەلەفی – جیهادی بە دیوێکدا بەرهەمی شکست و لاوازیی رژێمە سیاسییەکانی ناوچەکەیە لە ئەنجامدانی چاکسازیی ڕیشەیی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی(8).

سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی-ئیسلامی لە دابڕانێکی قووڵ و گەورەی جەماوەری بوون، ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە جەماوەر خۆیان بە بەشێک لە سیستەمی سیاسی نەزانن، هەروەها لە ڕێگەی پاسا و و ڕەوایەتیدانی دینییەوە لە شێوەی گرووپی توندڕەویی دینیدا بەرەنگاری دەسەڵاتداران ببنەوە. جێگەی ئاماژە پێدانە، کاتێک ستەم و زۆری دەسەڵات لەژێر بیانوو و پەردەی دینیدا نابێت، واتە لە ژێر ڕەوایەتیدانێکی دەرەوەی دینی و بنەمایەکی نامەزهەبی بێت، ئەوا بانگەوازی دینی و بونیادگەرا دینییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری، هێز و گوڕوتینی زیاتر بە خۆی دەدات(9).

بەرپابوونی شۆڕشەکانی "بەهاری عەرەبی" لە ساڵی (2011) دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هێزە ئیسلامییە پەرگیرەکان، تا بە هێزێکی گەورەوە بێنە نێو گۆڕەپانی ناڕەزاییە سیاسییەکانەوە. بەهاری عەرەبی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی هێندەی تر بەهێز کرد. ئەو هێزە ئیسلامییانە سیستەم و کارنامەی سیاسییان وەک جێگرەوەیەکی سیستەمی باوی کۆمەڵگە بەیان کرد.

ئەگەرچی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بوونە هۆی گۆڕینی دەسەڵاتی پارتی فەرمانڕەوا لە بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا وەک لیبیا، تونس و میسر. بەڵام سوریا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە لە ساڵی (2011)ەوە شۆڕشی تێدا هەڵگیرساوە و ئێستاش لە شێوەی شەڕی ناوخۆدا درێژەی هەیە. سەرۆکی سوریا (بەشار ئەسەد) تا ئێستا ئامادە نییە دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت، ئەمەش بووەتە هۆی بەردەوامبوونی کوشتار و کارەساتە مرۆییەکان لەو وڵاتەدا. ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی ئیجگار گەورەیان گێراوە لە گواستنەوەی کارەساتە مرۆییەکانی ئەو وڵاتە، هەر ئەمەش سەرنجی بەشێک لە موسوڵمانانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ڕاکێشاوە، تاوەکو لە ژێر پاڵنەری یارمەتیی مرۆڤدۆستانەدا پەیوەندیی بە گرووپە توندڕەوەکانی هاوشێوەی بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامییەوە بکەن بۆ

ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی ئەسەد. بۆیە بەشێک لەوانەی پەیوەندیی بە ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی"یەوە دەکەن، تەنیا بە هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەدەوەیە(10). بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ستەم و زوڵمی دەسەلات لە ولاتانی عەرەبی_ئیسلامی هۆکارێک بووە بۆ دروستبوونی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان گەشە بکەن و، ببنە مەترسی بۆ سەر ولاتانی ناوچەکە و جیهان. قەیرانەکانی سوریا و بالادەستیی ڕێکخراوە ئیسلامییە جیهادییەکانی وەک دەوڵەتی ئیسلامی و بەرەی نوسرە جیهادییەکی جیهانی ( Global Jihadist) دروست کردووە، کە ئامادەی شەڕکردنە لە هەرکوێیەکی جیهاندا بۆ سەرخستنی شەریعەتی خودا و سەرکەوتنی موسوڵمانان. جیهادیستە جیهانییەکان هەموو جیهان بە پانتایی خەباتی جیهادیی خۆیان دەزانن و، جەنگاوەری سنووربڕن. ئەگەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دژایەتیکردنی حکومەتە کۆمۆنیستییەکەی ئەفغانستان و بوونی سوپای سوور لەو ولاتەدا هۆکاری کۆبوونەوەی جیهادییەکان بووبێت، ئەوا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە سوریا و ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد هۆکاری سەرەکیی گردبوونەوەی جیهادییەکانن لەو ولاتەدا. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کێشەی سیاسیی سوریا پرسی تیرۆری بردووەتە چوارچێوەیەکی جیهانییەوە.

لە پاڵ ئەوەی کە ئاماژەیان پێ کرا، دۆخی ئابووری و سیاسیی ولاتی عەرەبی-ئیسلامی یەکێک بووە لە بنەڕەتیترین هۆکارەکانی دروستبوونی ژینگەی تیرۆر. ئەگەرچی هەژاری و خراپیی دۆخی ئابووری، قوتابخانەی پەروەردەکردنی مرۆڤی تیرۆریست نییە، هەروەها مەرج نیە ئەوانەی دەبنە تیرۆریست هۆکار و پاڵنەری ئابووری لە پشتەوە بووبێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی مرۆڤ بۆ نێو گرووپە توندڕەوەکان. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یادەوەرییەکی باشیان لەگەڵ ڕابردووی ولاتانی ڕۆژئاوادا نییە، هەروەها ئەو وتارە تێیاندا زاڵە کە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەکانیان بۆ داگیرکاریی ولاتانی ڕۆژئاوا بگەڕێننەوە، ئەمەش وای کردووە ڕق و توڕەبوونێکی دەستەجەمعی دروست ببێت کە یارمەتیدەر بووە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان تا ڕامی بکەن و لە ڕێگەیەوە هێزبدەنە بەر خۆیان(11).

بوونی ستەم و سیستەمێکی دیکتاتۆری لە ولاتانی عەرەبی_ئیسلامی، هەروەها خراپیی بارودۆخی ئابووری و برسێتی و هەژاری، هۆکارێک بوون بۆ زیادبوونی دیاردەی کۆچ بە شێوەکی بەرچاو لەو ولاتانەوە بەرەو ولاتانی ئەورووپی لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستدا. بەشێک لەو کۆچبەرانە بە

هۆکاری سیاسییەوە ڕوویان لەو وڵاتانە دەکرد، کە هەندێکیان سەرکردە و ئەندامی پارتە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون. ئەو کەسایەتییانە لە وڵاتانی خۆیاندا ڕووبەڕووی گرتن و لەناوبردن دەکرانەوە. یەکێک لە سەرکردە ئیسلامییە کۆچکردووەکان ئەیمەن زەواهیری, ئەمیری ئێستای قاعیدە بوو، کە لە دوای چەند ساڵێک زیندانی لە وڵاتی میسر بەرەو هۆڵەندا کۆچی کرد(12). ئەم کەسایەتییە سیاسی-ئیسلامییانە خاوەن دید و بەرنامەیەکی سیاسیی دیاریکراو بوون، کە کۆچکردنیان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی کاریگەریی دیاری لەسەر ڕەوەندی ئیسلامیی ئەو وڵاتانە دروست کرد. لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیست بەدواوە ڕەوەندی ئیسلامی لە ئەوروپا ڕەهەندیکی سیاسی وەردەگرێت، ئەم ڕەوەندە لە دوای ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە زیاتر بەرەو شوناسی دینی و کەلتووریی خۆیان دەگەڕێنەوە و، چەندین ڕێکخراوە و کۆمەڵەی ئیسلامییان پێکدەهێنا بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا ڕێک بخەن(13). سەرهەڵدانی وڵاتانی شکستخواردوو و لاواز گەلێک ئاکامی نەرێنیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و، بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دروستبوونی نائارامی و نەبوونی ئاسایش لە نێو خودی ئەو وڵاتانەدا، کە کاریگەرییەکانی دەپەڕنەوە بۆ ژینگەی ناوچەیی و جیهانی، وەک دروستبوونی مافیای نێودەوڵەتی و سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی تیرۆریزم، کە ئەویش کارەسات و پشێوی بۆ وڵاتانی جیهان دروست دەکات(14). لەسەر ئەم بنەمایە، شکستی ئەزموونی سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە دیکتاتۆرییەکانی تر ئاکامە نەرێنییەکانی تەنها بۆ نێوخۆی ئەو وڵاتانە نەبووە، بەڵکو پریشکی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکان فڕێداوە و لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە بووە بە کێشەیەک بۆ وڵاتانی تر، کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی دروستبوونی دیاردەی کۆچ، پەڕینەوە و سنووربڕی, هزری توندڕەوەی و بەنێونەتەوەییبوونی ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان و... هتددا ئاکامەکەی دەبینرێت.

**(ج) گەشەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی:**

میدیا جیهانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر لە ئێستادا تۆڕێکی بەرفراوانی زانیاریی جیهانیین، کە دەتوانن لە هەموو جێگەیەکی ئەم جیهانەدا هەبن و ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە هەن یان ڕوودەدن. تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی لە ئێستادا

دەریچەیەکی یەکجار گەورە و خێران لە گواستنەوەی زانیارییەکان بە کۆی کۆمەڵگە جیاوازەکان و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان تاکەکاندا.

میدیاکان بەهۆی گرنگی و کاریگەرییانەوە لەمڕۆدا ئامرازێکی سەرەکی و بنەڕەتیین بۆ ئەو گرووپانەی کە پەنا دەبەنە بەر کاری توندوتیژی و تیرۆر. بەبێ تەکنەلۆجیای گواستنەوەی زانیاری، کردەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان و ئایدیۆلۆجیی ئەو گرووپانە لە بازنەیەکی تەسکی دوورەپەرێزدا دەمێننەوە، هەروەها دەرفەتی ئەوەیان بۆ نارەخسێت کە وەک گرووپێکی خاوەن ئامانجی سیاسی، دینی، ئابوری و ...هتد خۆیان بە دنیای دەرەوە بناسێنن، تا بتوانن لە ڕێگەی بەرنامە و دروشم و کرەوەکانیانەوە سەرنجی خەڵک و حکومەتەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، یان ئەندامی نوێ بهێننە ڕیزەکانیانەوە. لەسەر ئەم بنەمایە "ئەکتەری ڕادیکاڵ پێویستیی بەوەیە کە چالاکییەکانی ڕاستەوخۆ بەسەر جیهاندا پەخش بکات و، خۆی بە دونیا بناسێنێت. پێویستیی بەوەیە کە لە پەراوێزەکاندا نەژی و نەمرێت. ئەوەی کە دەتوانێت وەڵامی ئارەزوویەکی لەم شێوەیە بداتەوە، میدیا لۆکاڵییەکان نین کە لە ڕووبەرێکی تەسکدا خۆیان پەخش دەکەن، بەڵکو ئەو "ماسمیدیا"یانەن، کە لەسەر ئاستی جیهان دەبینرێن"(15).

ئەگەر لەپێشوودا تەلەڤیزیۆنە جیهانییەکان وەک الجزيرە، العربيە، CNN و BBC ڕێگەی سەرەکیی چوونە نێو مەیدانی کۆمەڵگە ناوخۆیی و جیهانییەکان بووبێت بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەوا ئێستا ڕێگەی کاریگەرتر و بەردەستتر تۆڕە جۆراوجۆرەکانی سەر ئینتەرنێتن وەک فەیس بووک، تویتەر، ویبلاگەکان و...هتد. لە ئێستادا تۆڕی ئینتەرنێت گرنگترین ناوەندی چالاکییە مەجازییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیاردەی بەجیهانیبوون بریتییە لە خێرایی گواستنەوەی زانیاری، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەناڵی ئەلیکترۆنییەوە، کە جیهانی ڕووبەڕووی دۆخێکی نوێ کردووە و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەرچاوی لە بوارە جۆراوجۆرەکان هێناوەتە کایەوە. لە ئێستادا ئەم گەشەسەندنەی بواری تەکنەلۆجیی زانیاری و پەیوەندی بووەتە ئامرازێکی گرنگی گرووپە تیرۆریستییەکان تا بتوانن لە ڕێگەیەوە ڕێکخستنەکانی خۆیان تۆکمەتربکەن، هەروەها پێگە و پایەی خۆیان بەهێز بکەن، جگە لەوەی وەک ناوەندێک بۆ دۆزینەوەی ئەندامی نوێ سوودی لێ وەربگرن و بۆ لای خۆیانی ڕابکێشن. یەکێک

لەو گرووپانە کە لە جیهاندا بە شێوەیەکی سیستەماتیک سوودی لەم زەمینە نوێیە وەرگرتووە (کە بەرئەنجامی دیاردەی بەجیهانیبوونە) ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی"یە. ئەم ڕیکخراوەیە توانیبووی بەشێکی بەرچاوی جیهادییەکان, چی وەک تاک و چی وەک گرووپ, لە ڕێگەی کەناڵ و ئامرازەکانی جیهانی نوێی پەیوەندی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت(16).

ڕاگەیاندن ڕەگەزێکی گەورە و گرنگی ڕێکخراوەکەی پێکدەهێنا، کە لە ڕێگەیەوە چالاکی و بانگەشە و پروپاگەندە و شەڕی دەروونیی خۆی بڵاو دەکردەوە. هەروەها وەک ناوەندێکی گرنگ بۆ پرۆسەی چەکدارگیریی (تجنید) بەکاری دەهێنا. ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت ببوونە مەیدانێکی گرنگی کاری ڕێکخراوەکە و ئەم مەیدانەش ناونراوە "جیهادی ئەلیکترۆنی(17). ڕێکخراوەکە لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن و سەدان هەزار هەژماری ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکانی وەک تویتەر و فەیسبووک و چەندین سایتی ئینتەرنێتییەوە, ئەم پرۆسەی جیهادەی بەڕێوە دەبرد.

شایەنی ئاماژە پێکردنە، کە ئەم ڕێکخراوە تەنیا بە بڵاوکردنەوەی چالاکی، چەکدارگیری، بڵاوکردنەوەی ترس و کۆمەکی دارایی سوودی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەرنەدەگرت و وەرناگرێت، بەڵکو وەک ناوەندێکی گرنگ تەماشای دەکرا بۆ ڕاهێنان و مەشقپێکردنی لایەنگرانی و "جیهادییەکان" لە سەرانسەری جیهاندا. ئەویش بە مەبەستی هەستان بە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی لە وڵاتەکانی خۆیاندا. ڕێکخراوەکە لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە چەندین ڤیدیۆ، ئۆدیۆ و ناملیەکەی بڵاو کردووەتەوە، کە تایبەتن بە ڕێنمایی و تەکنیکەکانی چۆنێتیی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و چۆنێتیی دروستکردنی بۆمب و چەکی سووک بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی(18). لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت بوترێت ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" نەک تەنیا جیهادی بردووەتە نێو جیهانی مەجازییەوە و، ئینتەرنێت وەک چەکێکی گرنگی جیهاد تەماشا دەکات (جیهادی ئەلیکترۆنی)، بەڵکو ئەم مەیدانە کراوە بە ناوەندێکی گرنگ بۆ مەشق و ڕاهێنانی چەکداری کە دەتوانین ناوی لێ بنێین (بنکەی مەشق و ڕاهێنانی ئەلیکترۆنی). ئەگەر بنکە بەرجەستەکانی ڕێکخراوەکە لە وڵاتانی عێراق، سوریا، میسر، لیبیا و ئەفغانستان بە بەردەوامی لە ژێر مەترسیی هێرشە ئاسمانییەکاندا بووبن، ئەوا بنکە ئەلیکترۆنییەکانی سەرەڕای پارێزراوبوونیان دەکرا لە هەموو شوێنێکدا هەبن. ئەگەر چی ئەو بنکانە ڕووبەڕووی لەناوبردن ببنەوە، بەڵام دانانەوەی بنکەی نوێ لە شوێنیان کاری چەند خولەکێکە و، دەتوانرێت بە ئاسانی و بە هەمان چەک و کەرەستە و هێزی مرۆییەوە پێک بهێنرێنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو بەکار دەهێنن، لەوانەش وەک پڕوپاگەندەی سیاسی و بڵاوکردنەوەی بەرنامە و چالاکییەکانیان، گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ئەندامی نوێ و ڕێکخستنیان، دابینکردنی دارایی ڕێکخراوەکانیان، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەو ئەندامانەی کە سەر بە ڕێکخراوەکەن و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانیان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی دوژمن، هەروەها ئەم تەکنەلۆجیایە فەزایەکی گەورەیە و دەتوانن بە ئاسانی خۆیانی تێدا بشارنەوە و لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانیاندا، ئاشکرا نەبن(19).

وەک ڕوون دەبێتەوە تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی ڕەنگێکی جیهانی بە ڕێکخراوەکە دابوو و، لە ڕێگەیەوە دەستی گەیشتووە بە هەموو پنتێکی ئەم جیهانە. ڕێکخراوەکە خاوەنی چەندین سایت و ماڵپەڕ و ئەکاونتی چالاک بوو (لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی سنووردار هەن) و لە ڕێگەیەوە ئایدیۆلۆجی و دنیابینیی و چالاکییەکانی بڵاو دەکردەوە، ئەمەش وای کردبوو بە ئاسانی بە هەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە و، ددان بە هیچ سنوورێکدا نەنێت.

**(د) دیاردەی کۆچ و ڕۆڵی لە بەجیهانیکردنی تیرۆردا:**

دیاردەی کۆچ یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیست و بیست و یەک. لەمڕۆدا بابەتی کۆچ بووە بە بابەتێکی جیهانی و، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقا، هەروەها خراپیی دۆخی ئابووریی بەشێک لە ناوچەکانی جیهان، دیاردەکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچێت. لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەت لە ساڵی 2015وە لێشاوێکی گەورەی کۆچ لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەوروپا دەستی پێ کرد، کە بە دیاردەیەکی نائاسایی لە قەڵەم درا و، وڵاتانی ڕۆژئاوایی دووچاری گرفت و کێشەی زۆر کردەوە. ئاکامەکانی کۆچی بەکۆمەڵ جۆراوجۆرن، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین دیاردەکە بە تیرۆریزم ببەستینەوە، ڕوونی بکەینەوە کە دیاردەی کۆچ چۆن تیرۆری بردووەتە ئاستێکی جیهانی و ڕەنگێکی تری پێ بەخشیوە.

ئەگەر تەماشای مێژووی کۆچ بکەین لەسەدەی بیستدا دەبینین پەنابەرانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، هاوڵاتییانی ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ڕوسیا، ئەرمەنی و ئاشووری بوون. هەروەها پەنابەرانی سەردەمی جەنگی سارد, پەنابەرانی پاکستانی، وڵاتانی کۆمۆنیستی، کۆریا، ڤێتنام و هتد بوون. بەڵام لەمڕۆدا پەنابەران خەڵکانێکن کە لە وڵاتی عێراق، سوریا، ئەفغانستان، لیبیا، یەمەن و باکووری ئەفریقاوە لە ترسی جەنگ و مردن هەڵهاتوون، کە بەشێکی زۆریان پەنابەران سورییین(20). بە گوێرەی بەدواداچوونەکان لە ئێستادا پێنج ملیۆن و شەشسەد هەزار خەڵکی مەدەنیی سوری وڵاتی خۆیان بەجێهێشتووە و بەسەر بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا بڵاو بوونەتەوە. بۆ نموونە, تەنیا تورکیا نزیکەی سێ ملیۆن و شەشسەد هەزار پەنابەری سوریی لەخۆ گرتووە. هەروەها وڵاتانی ئەوروپا, بەتایبەت ئەڵمانیا, بە هەزاران پەنابەری سوریيان لەخۆیان گرتووە(21). ئەم دیاردەیە کاریگەریی خۆی بۆ سەر وڵاتانی میواندار دروست دەکات، ئەویش بەهۆی جیاوازیی زمان، کەلتوور، سیستەمی سیاسی و ژینگەی گشتی ئەو وڵاتانە بە نیسبەت پەنابەرانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دیاردەیە کاریگەریی لەسەر دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی، هەروەها بڵاوبوونەوەی تیرۆریزم دەبێت. جێی ئاماژەیە کە بەشێک لە کردە تیرۆریستییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لەلایەن کەسانێکەوە کراون کە پێشتر بە شێوەی نایاسایی کۆچیان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کردووە، هەرچەندە ئەم حاڵەتانە بە مانای پێکەوەگرێدانێکی توندی دیاردەی کۆچ و تیرۆریزم نایەت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا هەیە.

لە ئێستادا تیرۆری ئاینی یان تیرۆر لە بەرگی ئاینیدا زەقترین تایبەتمەندیی دیاردەی تیرۆرە و ئاینی ئیسلام لەم نێوەندەدا زۆرترین قسە و باسی لێوە دەکرێت لە نێو دەزگاکانی لێکۆڵینەوە، میدیاکان و پانتاییە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا. جێگەی بایەخدانە ئاماژە بە ڕێژەی موسوڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بکەین، بۆ ئەوەی سەنگ و قورسایی پەیڕەوکەرانی ئەو ئاینە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بزانرێت، کە بەهۆی کۆچەوە ڕوویان لەو وڵاتانە کردووە. لە ئێستادا موسوڵمانان گەورەترین کەمینەی دینیین، هەروەها لە دوای ئاینی مەسیحییەوە بە ئاینی دووەم لەقەڵەم دەدرێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەر چەندە ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی موسوڵمانەکانی ڕۆژئاوا لەبەردەستدا نییە، ئەوەی هەیە ئاماری نزیکەییە کە بۆ ژمارەی موسوڵمانان مەزەندە دەکرێت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی موسوڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕووی لە زیادبوونە، لەم چوارچێوەیەدا سەنتەری توێژینەوەی پیو (Pew Research Center) پێشبینیی ئەوە دەکات کە تا ساڵی 2030 لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا, ڕێژەی موسوڵمانان لە 6%ەوە بۆ 8% زیاد بکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی پیو کە لە کۆتایی ساڵی 2017 بڵاوی کردووەتەوە، (25,770,000) موسوڵمان لە وڵاتانی ئەوروپادا دەژین، کە زۆرترین ڕێژەیان (5,720,000) لە فەرەنسادان. دوابەدوای فەرەنسا ئەڵمانیا دێت بە (4,950,000) و بەریتانیا بە (4,130,000) ملیۆن موسوڵمان. کەمترین ڕێژەشیان لە لۆکسەمبورگدان کە (10.000) موسوڵمانن(22).

هەمان سەنتەر لە توێژینەوەیەکی خۆیدا کە ساڵی 2016دا بڵاوی کردووەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە موسوڵمانان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکەی (3،300،000) کەسن، لە کاتێکدا دانیشتووانی ئەمەریکا نزیکەی (300,220,000)ە. ئەم ڕێژەیەش گریمانە دەکرێت تا ساڵی 2050 بۆ دوو هێندە بەرزبێتەوە و ڕێژەکە بگاتە (8،100،000). لە ئێستادا موسوڵمانان (1%) دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، بە گوێرەی پێشبینییەکان لە چەند دەیەی داهاتوودا بۆ (2%) بەرز دەبێتەوە(23). لەسەر بنەمای ئەم ئامارانە دەردەکەوێت کە ژمارەی موسوڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا نزیکەی (28) ملیۆن کەسە. موسوڵمانان سەرەتا بەهۆی هۆکاری سیاسی و ئابوورییەوە لە ڕێگەی کۆچەوە ڕوویان لەو وڵاتانە کردووە و، دواتر بەهۆی پرۆسەی کۆکردنەوەی خێزان و دروستکردنی ژیانی هاوسەرێتی ڕوویان لە گەشە و زۆربوون کرد.

لە ئێستادا یەکێک لە گرفتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بریتییە لە دیاردەی کۆچ و ئاوێتە نەبوونی کۆچبەران بە کەلتووری کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان. لە نێو ئەم ڕەوەندەی کوچبەران و کەسانی سەر بە کەلتوورە جۆراوجۆرەکان، موسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی وەک بەشێکی نامۆی ئەو کۆمەڵگەیانە ماونەتەوە، ئەویش بەهۆی نائامادەییان بە قبولکردنی بەها ڕۆژئاواییەکان و پابەندبوون و پاراستنی بەها و نەریتە ڕەسەنەکانی خۆیان(24).

شایەنی ئاماژە پێکردنە کە دانیشتووانە نارەسەنەکان لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دووچاری جیاکاری و گرفتی نەژادی بوونەتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش هۆکارێک بووە لەوەی کە بەشێک لەو چەکدارانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هاتوونەتە نێو ڕیزی ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەگشتی و

ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" بەتایبەت، کەسانێک بن کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا ڕووبەڕووی جیاکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری بوونەتەوە. واتە بەهۆی بێبەشبوونەوە لەو کۆمەڵگەیانە ڕەنج و ئازاریان کێشاوە، لە ڕێگەی هاتنە نێو ئەم ڕێکخراوانەوە دەیانەوێت گۆڕانکارییەک لە ژیانی خۆیاندا بکەن و، لە هەستی بێبەشبوون خاڵی ببنەوە(25).

سنووردانانی کەلتووری وای کردووە بەشێک لە پەنابەران و بیانییە ئیسلامییەکانی ڕۆژئاوا زیاتر پەیوەست بن بە شوناسی دینیی خۆیانەوە و، وەک سەنگەرێک بۆ پارێزگاری و هێرشبردنە سەر ئەویدی پەنای بۆ ببەن. لە ئێستادا بەشێک لە لاوە موسوڵمانەکانی ڕۆژئاوا دیدگایەکی بونیادگەرایانەیان هەیە و، بە شێوەیەکی توند پابەندن بە ڕێسا و یاساکانی ئاینی ئیسلامەوە. بونیادگەراکان لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەدواداچوونی خۆیانەوە شێوازی دینداریيان هەڵبژاردووە، لەپاڵ ئەوەشدا لە ڕۆشنبیران و خوێندکارانی عەرەبی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان یارمەتییان وەرگرتووە تا بتوانن زانیاریی زیاتر بەردەست بخەن. بەلای ئەم گرووپانەوە ئیسلام دەتوانێت شوێنگرەوەی ژیانی پەراوێزخراوی ئەوان بێت، دەتوانێت چارەسەر بێت بۆ کێشە جۆراوجۆرەکانیان لە نێو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا. ئەم بونیادگەرایانە لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە دونیای مۆدێرن و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاواوە، ئیسلام وەک ڕێگەی چارەسەر و فریادڕەسی دۆخی هەنوکەییان دەبینن. ئەم گرووپانە بابەتی پەروەردە و هوشیاری بە بەردی بناغەی کارەکانیان دەزانن و، گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دەدەن(26). ئەو موسوڵمانە فەندەمێنتالیستانە مەرج نییە کە لە پەیوەندیدا بن بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، یان هەر ڕێکخراوەیەکی توندڕەوی ئیسلامی، بەڵام گومان لەوەدا نییە بەشێکی گەورەی ئەو جیهادیستانەی پەیوەندی بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن سەر بەو فەندەمێنتالیستانەن.

بەشێک لەو فەندەمێنتالیستانە لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سوریاوە ڕوویان لەو وڵاتە کرد بۆ جیهادکردن دژ بە ڕژێمی بەشار ئەسەد. ڕۆشتنی ئەم جیهادیستانە چەند جێگەی مەترسیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەت بێت، بەڵام گەڕانەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان وەک مەترسییەکی ئایندەیی تەماشا دەکرا. ئەو چەکدارانە دوای گەڕانەوەیان توندڕەوتر دەبن و، بەچاوی دوژمنایەتییەوە لە کۆمەڵگەکانی خۆیان دەڕوانن. هەروەها شارەزاییەکی زۆریان لە جەنگی پارتیزانی وەرگرتووە و، دەتوانن هەڵمەتی تیرۆریستیی ورد و کاریگەر ئەنجام بدەن. هەروەها دەتوانن لە

ڕێگەی دروستکردنی شانە و گرووپی تیرۆریستیی بچووکەوە ئاسایش و ئارامیی ئەو وڵاتانە بخەنە ژێر مەترسییەوە (هەرچەندە لە ئێستادا ڕادەی مەترسییەکانیان بەو ئاستە نیە کە پێشبینی دەکرا)(27). دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە عبدالحمید ابا عود* بکەین وەک داڕێژەری پەلامارە تیرۆریستییەکەی سەر شاری پاریس. ئەبا عود لە ساڵی 2014وە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەی دەوڵەتی ئیسلامی کردووە و، پێش ئەنجامدانی زنجیرە هێرشە تیرۆریستییەکان هاتووەتە فەرەنسا و سەرپەرشتیی ئەو شانەیەی کردووە کە هێرشەکانیان کردووە(28). هەر بۆیە مەترسییەکانی ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" تەنها لەو چەکدار و شانە نوستووانە خۆی نەدەبینییەوە کە لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا هەن و ئامادەی هەر چالاکییەک دەبوون ئەگەر لەلایەن ڕێکخراوەکەوە پێیان بسپێردرایە، بەڵکو مەترسییەکان خۆیان لە گەڕانەوەی ئەو چەکدارانە زیاتر دەخستە ڕوو کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هاتبوونە نێو ڕێکخراوەکە(29).

سەرەڕای مەترسیی گەڕانەوەی چەکدارە بیانییەکانی ڕێکخراوەکە بۆ وڵاتەکانی خۆیان یان ئەو پەڕگیرە ئیسلامییانەی کە بەیعەتیان بە ڕێکخراوەکە دابوو، مەترسیی چوونی تیرۆریستانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ شاڵاوی پەنابەران بۆ ئەو وڵاتە ئەگەری کراوە بوو. لە هێرشەکانی 2015/11/11 بۆ سەر شاری پاریس، یەکێک لە هێرشبەرە خۆکوژەکانی سەر یاریگای ستاد دو فرانس گەنجێکی پەنابەری سوری (ئەحمەد محەمەد) بوو، کە ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئەو کردەوەیە خۆی گەیاندبووە ئەو وڵاتە(30).

دەکرێت لە کۆتاییدا ئاماژە بەو ڕاستییە بکەینەوە، کە سیاسەتی جیاکاری، تێکەڵ نەبوونی کۆچبەران بە ژینگەی کەلتووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا، پەراوێزبوونی کۆمەڵایەتی و چەند هۆکارێکی تر، هۆکاری نامۆبوونی بەشێک لە ڕەوەندی پەناهەندەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون و ڕێکخراوە سەلەفی_جیهادییەکان توانیویانە سەرکەوتوو بن لە ڕاکێشانی سەرنجی بەشێک لەو ڕەوەندە بە لای خۆیاندا، ئەویش لە ڕێگەی پێشنیازکردنی شوناسی ئاینی وەک جێگرەوەیەک بۆ دۆخی بێشوناسی یان نامۆبوونی ئەو تاکانە. بەم شێوەیە گرووپە ڕادیکاڵەکان دەتوانن سەرکەوتوو بن لە زیندووکردنەوەی ئەو مرۆڤانە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان و لە دواییشدا بەکارهێنانیان.

**(هـ) نامۆیی و دووبارە هەڵگرتنەوەی ناسنامەی ئاینی:**

ئۆلیڤەر ڕوا* لەبارەی پەراوێزبوون و دیاردەی نامۆبوونەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە کارەکتەرە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا منداڵی خودی ئەو کۆمەڵگەیانەن، ئەو ئەکتەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەنێردراون بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی تا بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستانە هەڵسن، بەڵکو بەشێکیان لە منداڵییەوە لەو وڵاتانە گەورە بوون یاخود لەدایک بوون و پەروەردەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیان وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژین, مرۆڤگەلێکی تێکشکاو و نامۆیان لێ دروست بووە. هەڵگرتنی شوناسی ئاینی لەو دۆخە نەخوازراوە دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژین دەتوانێت کەسایەتییەکی نوێ بۆ ئەم ئەکتەرانە دروست بکات، کە دەکرێت ناوبنرێت موسوڵمانگەلی دووبارە لەدایک بوو ( Born Again Muslims)(31). بەشێک لە کردە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە ڕۆژئاوا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، بەوەی لەلایەن کەسانێکەوە کراون کە لە خودی ئەو کۆمەڵگەیانە لە دایک بوون و گەورە بوون. ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" بووبووە چەترێکی گەورە بۆ ئەو کەسانە تا لە پەنایدا تۆڵەی خۆیان لە کۆمەڵگە بکەنەوە و، لە ژێر پەردەی دینییدا شەرعییەت بە کردەوەکانی خۆیان بدەن.

نامۆبوون تەنها پەیوەست نییە بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانەوە، بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کە لانکەی دروستبوونی مرۆڤی تیرۆریست و توندڕەوە، مرۆڤی نامۆ و پەراوێزخراو یەکێکە لە بەرئەنجامە دیارەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە. لە ئاستی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, پرۆسەی بەمۆدێرنکردن لە هەندێ لایەندا ناکۆکی و دژایەتیی هەیە لەگەڵ کەلتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا. لەسەر ئەم بنەمایە, گۆڕانکاری و بەمۆدێرنبوون دەکرێت هەستی نامۆبوون و بەرهەڵستکاری دژ بە پرۆسەکە لەگەڵ خۆیدا دروست بکات. لەم چوارچێوەیەدا هەنتینگتۆن ئاماژە بەوە دەکات: "ڕەنگە مۆدێرنیزم لە کۆمەڵگەدا هەستی بێگانەبوون و دابڕان لە پەیوەندییە کۆنەکاندا پێکبهێنێت و ببێتە هۆی قەیرانی ناسنامە، لەم نێوەندەدا ئاین دەتوانێت وەڵامگۆی ئەم قەیرانە بێت(32). بەپێی ئەم تێڕوانینە ئاین دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بەخشینەوەی ناسنامە بە تاک لەکاتێکدا لە قەیرانی ناسنامەدا دەژی. لەبەر ئەو هۆکارە ئاین دەتوانێت چەکێکی گاریگەر بێت بۆ خۆبونیادنانەوە و بەگژداچوونەوەی دیاردەی بەجیهانیبوون و پرۆسەی بەمۆدێرنکردن.

دەکرێت بوترێت هۆکارێکی گرنگی چوونی خەڵکانێک بۆ نێو ڕێکخستنی گرووپە تیرۆریستییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی قەیرانی شوناس. دەسەڵاتخوازیی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، هەروەها ستەمکاری و سەرکوتی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا، کاریگەریی هەبووە لەسەر هەستی نامۆیی و بێشوناسی و هاوکات گەڕان بە دوای شوناسێکدا. بەشێکی دیاری خەڵک لەو وڵاتانەدا چاوەڕێن دەسەڵاتێک دروست ببێت کە ڕزگاریان بکات لە ژێر دەسەڵات و هەژموونی وڵاتانی ڕۆژئاوا و جارێکی تر شوناسی ڕاستەقینەی خۆیانیان بۆ بگەڕێنێتەوە(33). وەک دەردەکەوێت دوورکەوتنەوە لە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئاینی بۆ موسوڵمانان تەنها پەیوەست نییە بە وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە، بەڵکو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەبی و ئیسلامی) هەست بەو نائامادەییەی شوناس دەکەن، ئەویش بە هۆی شێوەی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتانە کە خۆیان لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزم، سیکۆلاریزم و سۆسیالیزمدا ڕێکخستووە.

لە ئاستێکی بەرینتردا دەکرێت قەیرانی ناسنامە بۆ ڕەوت و دیاردەیەکی جیهانی بگەڕێنینەوە کە ئەویش دیاردەی بەجیهانیبوونە. ڕاستییەکەی دیاردەی بەجیهانیبوون گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر چەمکی شوێندا هێناوە. لەمڕۆدا شوێن یان جوگرافیای مرۆیی ئاماژە نییە بۆ سنوورێکی تایبەتمەندی دیاریکراو و دابڕاو، بەڵکو بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندییەوە سنووری جوگرافیی نێوان مرۆڤەکان لە چوارچێوەی وڵاتەکاندا بە ڕادەیەک کاڵ بووەتەوە، کە دەکرێت لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی جیهاندا لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کەلتووریدا بیت. لە سەر ئەم بنەمایە ناسنامە, کە تایبەتە بە شوێن و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە, تووشی قەیران و هەڕەشەی لاوازبوون یان لەناوچوون بووەتەوە. کاتێک دیاردەی بەجیهانیبوون سنوورەکان لاواز دەکات، ئاوێتەبوون و لەناوچوونی کەلتوورە بچووک و لاوازەکان ئەگەرێکی بەهێز و چاوەڕوانکراو دەبێت لە نێو کەلتوورە باڵادەستەکەدا(34).

هەڕەشەی توانەوەی کەلتوورە ناوچەییەکان لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کاردانەوە، کە هەندێک جار ئەم پەرچەکردارانە دەگۆڕدرێن بۆ ئەنجامدانی کردەی توندوتیژ بەرامبەر بە دیاردەی بەجیهانیبوون. ئەمارتیا سێن ئاماژە بەوە دەکات: "لە ناو بزووتنەوەکانی دژ بە بەجیهانیبوون بە شێوەیەکی ڕوون دژایەتیی ڕۆژئاوایی بەدی دەکریت، پەیوەستبوون بە ناسنامەی ناڕۆژئاوایی لە چوارچێوەی دین (وەک ئیسلامییە بونیادگەراکان)، ناوچەگەری (پەیوەستبوون بە بەها ئاسیاییەکان)،

کەلتوور (وەک پەوەستبوون بە بەها و ڕەوشتەکانی کۆنفۆشیۆسی)، دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی جیهانی(35). ڕێکخراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی" نموونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕەوتانەیە کە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی (وەک بانگەشەی بۆ دەکات) پەنا دەباتە بەر کاری توندوتیژ و تیرۆریستی و دژ بە ڕەوتی بەجیهانیبوون وەستاوەتەوە. ئەم کردەوانەش لە هەڵوەشانەوەی ئەو یەکێتی و هاوشێوەبوونەی کە دیاردەی بەجیهانیبوون هەوڵی پێکهێنان و دروستکردنی دەدات, ڕۆڵ دەگێڕێت.

توانای ڕاکێشانی ئایدیۆلۆجیی ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستیی وەک "دەوڵەتی ئیسلامی" هاوکات لەگەڵ بوونی قەیران و بۆشایی ناسنامە لە دونیای مۆدێرندا, ژینگەیەکی یارمەتیدەری بۆ دەستگەیشتن بە ئەندامی نوێ لە سەرانسەری جیهاندا، هێناوەتە کایەوە، ئەو ئەندامانەی کە هەست بە نامۆیی و بێناسنامهی دەکەن و لە پەراوێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیدان. دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنییەوە توانیبووی خۆی بە هەموو کۆمەڵگەکان بگەیەنێت و ئەندامی نوێ بهێنێتە نێو ڕێکخستنەکانەوە. وەک دیارە بەشێک لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا و ئەمەریکاوە پەیوەندییان پێوە کردووە، ئەمەش ئەو موسوڵمانانەن کە بە هۆی سیاسەتی جیاکاری و نوشستیان لە ژیان، ئەویش هەندێک جار لەبەر ڕەنگی پێست، پەنابەری و موسوڵمانبوون, دووچاری جۆرێک لە نامۆیی هاتوون. بوونی چالاکیی سیاسی و هەڵمەتی ڕاگەیاندنی نەژادپەرستانەی هەندێک ڕێکخراوەی ئەوروپی و ئەمەریکی، هەروەها ڕقلێبوون بە هۆکاری نەتەوەپەرستی یان جیاوازیی کەلتووری, جۆرە هەستیکی پەراوێزکەوتنی لە نێو بەشێک لە موسوڵمانانی ئەو وڵاتانە دروست کردووە، کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستیی وەک "دەوڵەتی ئیسلامی" بۆ لای خۆی ڕایانبکێشێت(36).

وەک دەرکەوت یەکێک لە بەشداربووانی هێرشە تیرۆریستییەکەی 2015/11/13 بۆ سەر شاری پاریس کە دواتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیسدا خۆی تەقاندەوە، کچە مەغریبییەکی دانیشتووی فەرەنسا (حەسنا ئایە بلحسان) بوو. بە گوێرەی زانیاریی خێزانەکەی، ئەو کچە سەرەڕای موسوڵمانبوونی بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێوڕەسمەکانی ئاینی ئیسلامەوە نەبووە. تەنانەت براکەی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ جارێکیش ناوبراو تەماشای قورئانی نەکردووە، بەڵکو کەسێکی نامۆ و تووڕە بووە و، کاتەکانی خۆی بە خواردنەوە کحولییەکان و لەگەڵ کەسانی لادەر لە یاسا وەک

قاچاخچییەکانی ماددە هۆشبەرەکان بەسەر بردووە(37). ئەم چیرۆکە دەتوانێت لە کاریگەریی هەستی نامۆبوون بۆ چوونە نێو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و چەمکی دووبارە لەدایکبوونەوە ( Born Again Muslim) تێمان بگەیەنێت، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بگەین بەو دئەنجامەی کە چوونی ڕۆژئاواییەکان بۆ نێو ڕێکخراوەیەکی وەک دەوڵەتی ئیسلامی, یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابڕانە قووڵەی لە نێوان ڕەوەندی کۆچبەران و دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانەدا هەیە، کە ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان دەتوانن لە ڕێگەی بەخشینەوەی ناسنامە و دووبارە بونیادنانەوەیانەوە بیانکات بە کارەکتەرێکی تازە-لەدایک-بوو.

لێرەدا دەتوانین  بەو خاڵە بگەین کە نامۆبوون دیاردەیەکی جیهانییە و، لە نێو ئەو کەسانەدا سەر هەڵدەدات کە لە بارودۆخێکی خراپی ئابووری و دەروونیدان و، دووچاری پەراوێزکەوتن بوونەتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا. هەر ئەم هۆکارانەش یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ هەوڵی ئەنجامدانی کردەی توندوتیژی لە نێو بەشێک لەو کەسانەی کە دووچاری ئەو دۆخە دەبنەوە. لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەگشتی توانیویانە سوود لەو دۆخە دەروونییە ببینن و لە ڕێگەی شۆردنەوەی مێشک و پێدانی شوناسێکی جیهادی_تەکفیری, جارێکی تر گیانێکی تر بە بەر ئەو کەسانەدا بکەنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە, نامۆبوون وەک دیاردەیەکی جیهانی ڕۆڵی هەبووە لە بەجیهانیکردنی تیرۆر و، پرۆسەی چەکدارگیری لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا.

**سەرچاوەکان:**


1) هاوڕێ یاسین محەمەد، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012، ل169-172.

2) مهدی عباس زاده، بنادگرایی اسلامی و خشونت (بانگاهی بر القاعده)، فصلنامه سیاست، دوره (39). شماره (4)، سال 1388 (2009)، ص122.

3) نوام چومسکی و أندره ولچک، درباره تروریسم غرب از هیروشیما تا پهپادها، ت. مازیار کاکوان، انتشارات مهراندیش، تهران، 1394(2015)، ص125-126.

4) ساموێل هنتینگتۆن، پێکدادانی شارستانییەکان، و. مامەند ڕۆژە، مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی، 2005، ل200-201.

5) علیرضا میریوسفی و حسین غریبی، خشونت هویتی و سیر تطور اندیشه های جهادی-تکفیری در خاورمیانه (1980_2015)، فصلنامه سیاست جهانی، دوره پنجم، شماره اول، بهار1395(2016)، ص187.

6) مهدی عباس زاده، جهانی شدن و القاعده، فصلنامه سیاست، دوره (41). شماره (3)، سال1390 (2011)، ص182.

7) سیدعلی نجات، کالبدشکافی داعش، موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، تهران، اسفند 1394 (2016)، ص164.

8) عەلی حەرب، تیرۆر و تیرۆرسازان، و. هەڵکەوت عەبدوللا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2015، ل54-55.

9) مایکل مان، جیهانی شدن و 11 سپتمبر، ت. علی امینی، از کتاب (جهان شدن و جهانی سازی پیشینه و چشم انداز)، هری مگداف، جان بلامی فاستر و دیگران، چاپ و صحافی تکثیر، تهران، 1383، ص112.

10) سیدعلی نجات، مصدر سابق، ص167-168.

11) امارتیا سن، هویت و خشونت توهم تقدیر، ت. فریدون مجلسی، ناشر پایان، تهران، 1394 (2015)، ص215.

12) ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006، ل124.

13) بەرزان فەرەج و بڕوا بەرزنجی، شارلی هێبدۆ (لە پاریس چی ڕوویدا)، بڵاوکراوەی دەزگای میللەت، سلێمانی، 2015، ل135.

14) سامویل هنتینگتۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل29.

15) عادل باخەوان، تیرۆریزم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل129.

16) محمدرضا حاتمی، شکل گیری تهدیدات منطقه ای داعش در کانون پویش جهانی شدن، فصلنامه مطالعات روابط بین الملل، دوره (8)، شماره (30)، 1394 (2015، ص148_149.

17) سیدعلی نجات، مصدر سابق، ص126.

18) فەرهاد حەسەن، داعش و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (1)، 2016، ل91.

19) عەلیڕەزا گەنجی و پیتەر فلێمینگ و ئەویتر، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی تۆڕەکان، و. عارف سەلیمی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل89.

20) Yonah Alexander, Mark Krikorian and others ,The Refugee Crisis: Humanitarian and Security Implications, THE INTER-UNIVERSITY CENTER FOR TERRORISM STUDIES, Arlington (USA), 2016, pp. 2-3.

21) Kathryn Reid, Syrian refugee crisis: Facts, FAQs, and how to help,https://www.worldvision.org/refugees-news-stories/syrian-refugee-crisis-facts .

22) Report by pewresearch, Europe's Growing Muslim Population, https://www.pewforum.org/2017/11/29/europes-growing-muslim-population

23) BESHEER MOHAMED, A new estimate of the U.S. Muslim population, http://www.pewresearch.org/fact-tank/2016/01/06 (3/8/2016).

24) سامویل هەنتینگتۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل244-245.

25) سيدعلى نجات، مصدر سابق، ص169.

26) د. داوود کیانی، اسلام گرایی در غرب پس از 11 سپتامبر 2001، چاپ و صحافی: زلال کوثر، تهران، 1392 (2013)، ص134-135.

27) سيدعلى نجات، مصدر سابق، ص170.

* عبدالحمید (1987_2015) لەدایک بووی بەلجیکا و به ڕەگەز مەغریبی. ناوبراو بە داڕێژەری زنجیرە پەلامارەکەی سەر شاری پاریس دانرا، کە بووە هۆی مردنی (132) هاوڵاتی و برینداربوونی (350) هاوڵاتی تر.

28) بڕوانە بۆ: تقرير قناة الجزيره، عبدالحميد أباعود "العقل المدبر" لهجمات باريس، http://www.aljazeera.net/encyclopedia/icons/2015/11/18. تاريخ: 2016/8/6.

29) ڕیچاد هاس، بەڕیوەبردنی قەیرانی ڕێکخراوەی داعش، لە کتێبی (ئێمە لە جەنگداین)ەوە، دۆمینیک مۆیسی و کارڵ بیڵت و ئەوانی تر، و. ئیبراهیم ئەحمەد حسێن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2016، ل113.

30) بڕوانە بۆ: كمال قبيسي، السوري الذي انتحل شخصية لاجئ ليفجر نفسه بالفرنسيين، http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/syria/2015/11/16. تاريخ: 2016/8/6.

* ئۆلیڤەر ڕوا (1949) لە فەرەنسا لە دایک بووە پرۆفیسۆر و دیپلۆماتی فەرەنسی (EuropeanUniversity Institute)ە، هەروەها پسپۆرە لە بواری ئاین، ئیسلام و سیکۆلاریزم.

31) ئۆلیڤەر ڕوا، تیرۆریزم و لە کەلتورخستن، و. عزیز ڕەئووف، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (77)، ساڵی 2014، ل6-8.

32) ساموێل هنتینگتۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل68.

33) محمد سالار کسرایی و سعیده داوری مقدم، برأمدن داعش در خاورمیانه، فصلنامه روابط خارجی، سال هفت بەهمەن م، شماره اول، بهار 1384، ص203.

34) علیرضا سمیعي اصفهانی و حمداالله اکوانی و غیره، تحلیل گفتمانی جهانی شدن و ظهور اسلام سیاسي سلفی ـ جهادی در خاورمیانه عربی، مجله پژوهش های سیاست اسلامي، سال سوم، شماره هفتم، 1394 (2015)، ص96-97.

35) امارتیا سن، مصدر سابق، ص189-190.

36) محمد سالار کسرایی و سعیده داوری مقدم، مصدر سابق، ص204.

37) بڕوانە بۆ: ڕاپۆرتی سایتی سپی میدیا، http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=27209. ڕێکەوت: 2015/12/13.

# هەڵسەنگاندنی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق

**د. محمد ڕەشید (مامۆستای بەشی یاسا - زانکۆی سلێمانی)**

**هاوڕێ ئەحمەد (ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ)**

## دادگاییکردنی تۆمەتباران بە پێی جۆرەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، سێ گریمانە هەیە. گریمانەی یەکەم دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی(ICC). گریمانەی دووەم لە بەردەم دادگایەکی تایبەت (Ad Hoc Tribunal). گریمانەی سێیەم لە بەردەم دادگایەکی (Hybrid Court). هەر یەکێک لەو دادگایانە پرۆسە و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

**گریمانەی یەکەم:** دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا (ICC)

ئەم دادگایە لە ١٩٩٨ دامەزراوە و لە ئێستادا تاکە دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتییە بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. دادگاکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕێسای هەیە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران، کە ئەوانیش:

یەکەم: دەبێت تۆمەتبارەکە یان تۆمەتبارەکان یەکێک لە تاوانەکانە نێودەوڵەتییەکانی کردبێت، کە ئەوانیش بە پێی مادەی پێنجی یاساکە، چوار تاوانن (تاوانی جینۆساید، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و تاوانی شەڕەنگێزی)(1). داعش سێ تاوانی لەو تاوانانە کردووە و دەچێتە چوارچێوەی پسپۆڕیی بابەتی (Jurisdiction Subject Matter)ی ئەو دادگایەوە. بەم پێیە، دادگاکە بۆ تاوانەکانی داعش کێشەی یاسایی لەم ڕووەوە نییە و بە تەواوی دەیگرێتەوە.

دووەم: دەبێت تاوانەکان لە دوای ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای دادگاکەوە کرابێت، کە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٧/١، لێرەشدا پسپۆڕیی کاتی (Temporal Matter Jurisdiction)ی دادگاکە تاوانەکانی داعش دەگرێتەوە.

سێیەم: دەبێت تاوانەکان لەسەر خاکی یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەم دادگایە، یان دژی یەکێک لە دەوڵەتە ئەندامەکان کرابێت، یانیش یەکێک لە هاوڵاتییانی دەوڵەتە ئەندامەکان کردبێتی، کە ئەمە کێشە سەرەکییەکەی دادگاییکردنی داعشە لەبەردەم ئەم دادگایەدا، چونکە هیچ یەکێک لە عێراق و سوریا کە داعش تاوانە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر خاکی ئەوان کردووە، ئەندامی ئەو دادگایە نین، هەر بۆیە دادگاکە ناتوانێت سەربەخۆیانە لەو تاوانانە لە عێراق و سوریادا، بکۆڵێتەوە. بەڵام بە پێی یاسای ئەم دادگایە، لە حاڵەتی ئەندام نەبوونی دەوڵەتێکدا، دوو ڕێگای تر هەن. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی بەندی حەوتی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە دادگاکە بکات (سەرەڕای ئەندام نەبوونی دەوڵەتی پەیوەندیدار لەم دادگایە)، دەست بە پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە دەوڵەتی دیاریکراودا بکات. وەک ئەوەی لە ٢٠٠٥ لە سودان(2) دژی دەسەڵاتەکەی عومەر بەشیر و لە ٢٠١١ لە لیبیا(3) دژی حکوتەکەی موعەمەر قەزافی بینرا، کە هیچ یەکێک لەو دوو دەوڵەتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەبوون و نین. لێرەدا بابەتەکە دەچێتە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش و بە دەنگدان یەکلا دەبێتەوە. دەبێت لە کۆی پازدە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، نۆ ئەندام بە بەڵێ دەنگ بدەن و لە ناویشیاندا هیچ ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەنەکە، مافی ڤیتۆ بەرانبەر پرۆژە بڕیارەکە بەکار نەهێنێت.

ڕێگای دووەم ئەوەیە کە دەوڵەتەکە (دەوڵەتی نائەندام لە دادگاکە) خۆی داوا لە دادگا بکات پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی سەر خاکەکەی سەر پێ بخات، هەروەک دەوڵەتی ئۆکرانیا(4) لە ٢٠١٤ داوای لە دادگاکە کرد لە تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە کاتی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی (مەیدان)ی شاری کیێڤی پایتەخت بکۆڵێتەوە. لەم حاڵەدا دەبێت عێراق یان سوریا وەک دەوڵەتی خاوەن سەروەری، داوا لە دادگاکە بکەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ تاوانەکانی داعش لەسەر خاکەکەیان، کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە.

تەنیا ڕێگایەک بۆ دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا، کە وەک هیوایەک مابووەوە ئەو هەزاران چەکدارە بیانییەی ناو داعش بوون، کە لە دەوڵەتانی ئەندامی دادگاکەوە هاتبوون. هەوڵێکی زۆر درا لەم پەنجەرەیەوە کەیسی داعش ببرێتە بەردەم دادگاکە، بەڵام دواکاری گشتیی دادگاکە لە ٢٠١٥ لە ڕاگەیاند(5) کە ئەو کەسانەی بیانیین و چەکداری داعشن و تاوانیان کردووە، لە کەسە پلەدار و پلەباڵاکانی داعش نین، بەڵکو تەنیا چەکداری ئاساییین و بە پێی بنەمای تەواوکاری (Principle of Complementarity) بەرپرسیارێتیی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتە ئەندامەکان. واتە ئەوان خۆیان دادگایی چەکدارە ئاساییەکانی داعش لە وڵاتی خۆیاندا بکەن و لە ئەگەری بەڕێوە نەچوونی ئەو دادگاییەشدا، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی دەست پێدەکات.

**گریمانەی دووەم:** دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی تایبەت (Ad Hoc Tribunal)

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، ببووە جێگای گفتوگۆی ناوەندە ئەکادیمی و سیاسییەکانیش، چونکە لە دوای دادگای (نۆرێمبێرگ)ەوە کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، کە هێزی هاوپەیمانان وەک براوەی جەنگەکە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی بەرەی شکستخواردوو (ئەڵمانیا و یابان) دایانمەزراند، سەرەڕای زۆریی ڕوودانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و بوونی یاسای پێویست بهۆ قەدەغەکردنی ئەو تاوانانە وەک ڕێککەوتنامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ و پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی ١٩٤٨، هیچ جۆرە دادگایەکی لەو چەشنە دانەمەزرابوو. میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان تا ١٩٩٣ ڕوون نەبوو. لەوە بەدوا وەک وەڵامێک بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی ناوخۆیی یوگۆسلاڤیای پێشوو کە بووە هۆی پێکدادانی سەربازی لە نێوان نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدی تێدا ڕووی دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٤ لە ڕواندا کە (هووتوو)ەکان هەڵمەتێکی سەد ڕۆژەیان دژی (تووتسی)یەکان ئەنجامدا و لە ئاکامیشدا نزیکەی یەک ملیۆن کەسی (تووتسی)یان کوشت؛ ئەنجوومەنی ئاسایش بە بڕیاری ژمارە ٨٢٧ ساڵی ١٩٩٣(6) دادگای یوگۆسلاڤیا و بە بڕیاری

ژمارە ٩٥٥ ساڵی ١٩٩٤(7) دادگای ڕواندای دامەزراند و تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تێدا دادگایی کران.

بۆ دادگاییکردنی داعش هەوڵی زۆر بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە لە دادگا درا، چونکە دەتوانرێت یاساکانی بە پێی جۆری تاوانەکان و ناسنامەی هاوڵاتیبوونی تۆمەتبارەکان و بە پێی سیستەمی یاسایی ناوچەکە بگونجێنریت و پلەدار و بەرپرسە یەکەمەکان لەم دادگایە و پلەناوەند و بچووکەکانیش ڕەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێت بۆ دادگاییکردن. هۆڵەندا و فەرەنسا بە جیا پرۆژەی دامەزراندنی دادگای تایبەت بە داعشیان پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە کۆکردنەوەی پشتگیریی پێویست. کێشەی سەرەکی بۆ دامەزراندنی دادگایەکی لەم چەشنە، دووبارە پێویستیی بە دەنگی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە، کە ڕەنگە لەم کاتەدا هەر هەوڵێک لە ئەنجوومەنی ئاسایش بە ڤیتۆی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنەکە شکست بهێنێت.

**گریمانەی سێیەم:** دادگاییکردنی داعش لە بەردەم دادگایەکی تێکەڵ (Hybrid Court)

مێژووی ئەم جۆرە دادگایە نوێیە، یەکەم نموونە دادگای (SCSL) لە ٢٠٠٢ لە سیرالیۆن بە پێی ڕێککەوتنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی سیرالیۆن بۆ دادگایکردنی (چارلس تەیلەر) سەرۆکی لیبریاو سیانزە کاربەدەستی تری پلەباڵا دامەزرا(8). دووەم دادگای تێکەڵ، دادگای(ECCC) لە کەمبۆدیا کە لە ٢٠٠٤ بە هەمان شێوە بە پێی ڕێککەوتنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی کەمبۆدیا لێکۆڵینەوە و دادبینیکردنی ئەو تاوانانەی لە نێوان ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٩ کرابوون(9). لە لوبنانیش پاش تیرۆرکردنی (ڕەفیق حەریری) لە ٢٠٠٥ حکومەتی لوبنان و نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش دادگای (SCL) بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کردەوە تیرۆریستییەکە دامەزراند(10).

**گرنگیی دامەزراندنی دادگایەک بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی داعش**

فەلسەفەی دامەزراندنی دادگا بۆ تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان تەنیا بۆ سزادانی تۆمەتباران نییە، هێندەی ئەوەی بۆ پێناسەکردن و زانین و ددانپێدانانی ئەوەیە کە ڕووی داوە، چونکە سروشتی تاوانە نێودەوڵەتییەکان وایە کە گرووپێک بە شێوەی ڕێکخراو و سیستەماتیک بەرانبەر گرووپێکی تر ئەنجامی دەدەن، جیاوازتر لەوەی کەسێک بە شێوەی خۆویستانە تاوانێکی تیرۆر و ترساندن یان کوشتن ئەنجام بدات. بۆ نموونە لە تاوانی جینۆسایددا گرووپێک بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێک یان تەواوی گرووپێکی تر لەسەر جیاوازیی ئاینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی یان نەژادی، تاوان بەرانبەر گرووپەکەی تر ئەنجام دەدات(11). لە تاوانی جەنگدا لایەنێکی چەکدار بێ گوێدانە کردارە قەدەغەکراوەکان و لە کاتی ململانێی چەکدارییدا، تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن و پەیڕەوی ڕێساکانی جەنگ ناکەن(12). لە تاوانی دژە مرۆڤایەتیدا لایەنێک بە شێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو و سیستەماتیک تاوان بەرانبەر لایەنێک ئەنجام دەدەن(13). شێوە و سروشتی تاوانەکانی داعش ئەوە دەخوازێت دادگایەک دابمەزرێت، کە بتوانرێت دادبینیی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تێدا بکرێت. ئەمەش گرنگیی زۆری خۆی هەیە.

گرنگیی دامەزراندنی دادگایەک بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش لە پای ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بریتین لە:

- ئەو سێ جۆرە تاوانە پێناسە دەکرێن و لایەنی ئەنجامدەر و لایەنی قوربانیی ئەو تاوانانە دیاری دەکرێن.
- لە درێژە و وردەکاریی بڕیاری دادگادا تاوانەکانی تر کە دەچنە چوارچێوەی ئەو سێ تاوانەوە دیاری دەکرێن، لە چەشنی تاوانە جێندەرییەکان، تاوانەکانی بازرگانیکردن بە ئافرەتانەوە، تاوانەکانی بەکۆیلەکردن، تاوانی بەزۆر سکپڕکردن و بەزۆر لەباربردن، تاوانەکانی دژی کەلەپوور و ئاسەوار، تاوانی ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، تاوانەکانی دژی بەندکراوانی سەربازی، تاوانەکانی ئەشکەنجەدان و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە، تاوانەکانی وێرانکردنی شوێن و باڵەخانە گشتییەکان، تاوانەکانی جیاکاریکردن و هەڵاوێردن و ئەوانی تریش.
- دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە داهاتوودا.

- •دەبێتە هۆکاری ئاشناکردنی زیاتری یاساناس و دادوەر و پارێزەرەکان بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان.
- •دەبێتە هۆی بەرلێگرتن (ردع–Deterrence) لە ئەگەری کردنی تاوانی هاوشێوە لە داهاتوودا.
- •قوربانییانی ئەو تاوانانە زیاتر ئاشنا دەبن بە سروشتی ئەو تاوانەی بەرانبەریان کراوە و دەبێتە دەرچەیەکی گرنگ بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری بۆیان (Restorative Justice).
- •ئەم جۆرە دادگایە زیاتر خزمەت بە مافەکانی ئەو گرووپ و کۆمەڵانە دەکات، کە تاوانیان بەرامبەر کراوە.
- •دەبێتە هۆی بەهێزکردنی زیاتری سیستەمی دادوەریی وڵات.

**جۆری ئەو دادگایەی کە پێویستە بۆ دادگاییکردنی تاوانەکان دابمەزرێت**

لە ئێستادا وا دەردەکەوێت کە هەوڵەکان بە ئاراستەی دروستکردنی دادگایەکی تایبەت (لەسەر میراتی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ساڵی ٢٠٠٥) بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش دەڕۆن. سیستەمی دادوەری و دادگاکانی عێراق ناتوانن دادبینی بۆ تۆمەتبارەکانی داعش؛ ئەوانەی تاوانی نێودەوڵەتییان لە چەشنی تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی کردووە، بکەن، چونکە لەناو یاساکانی عێراقدا هیچ مادە و یاسایەک بۆ ئەو جۆرە تاوانانە نییە،. تا ئێستا تۆمەتبارەکانی داعش بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە عێراق و هەرێمی کوردستان دادگایی دەکرێن، بەڵام تێبینیی ئێمە بۆ ئەو هەوڵانە ئەوەیە کە ناکرێت هەمان ئەزموونی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ساڵی (٢٠٠٥) دووبارە بکرێتەوە.

جۆری دادگای تێکەڵ ئەوەیە کە تێکەڵەیەکە لە یاسای ناوخۆی وڵات و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. هەروەها بە پێچەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) کە تۆمەتباران دەبرێنە شاری لاهای (هەیگ) لە وڵاتی هۆڵەندا، لەم شێوە دادگایەدا دەکرێت بارەگای سەرەکیی دادگاکە لەو وڵاتە بێت کە تاوانەکانی تێدا کراوە یان هەر وڵاتێکی تر کە پێویست بێت بارەگای سەرەکیی دادگاکەی تێدا بێت، کە ئاسانکاریی زۆر بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکان دەکات. هەروەها لە تێکەڵەیەکی دادوەری بیانی و ناوخۆیی

پێکدێت کە ئەمەش زیاتر ڕەوایەتی بە دادگاکە دەدات و لە دەستتێوەردانی ناوخۆیی و بەکارهێنانی بۆ ململانێی سیاسی و پێشێلکاریی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، دەیپارێزێت.

بە پێی کۆبوونەوەکانی یونیتاد(UNITAD) لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقی و کوردیدا، هەردوو لا جەخت لە دووبارە بنیاتنانەوەی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دەکەنەوە. لە کۆبوونەوەکانی مانگی تەموز و ئابی ٢٠٢٠دا سەرۆکی یونیتاد بە جیا سەردانی سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە و بە پێی ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەکانیش، هەردوو لا بە هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق کە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن و هاوەڵەکانی دامەزرا، ڕازی بوون، بە شێوەیەک کە لەگەڵ سروشتی ئەم جۆرە دادگایەدا بگونجێت و پلەدار و ئەمیرەکانی داعش (هەر ڕەگەزنامەیەکیان هەبێت) لە دادگایەکی وەهادا بۆ تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، دادگایی بکرێن و چەکدارەکانی خوارەوەش ئەوانەی هەتا ئێستا دادگایی نەکراون، ڕەوانەی دادگا ناوخۆییەکان بکرێن.

**پێشنیاری ئێمە بۆ هەمواری یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە تاوانەکانی داعش**

لە پێناو دامەزراندنی دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن و ڕاستەقینەدا بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش، ئەوانەی تاوانی نێودەوڵەتییان کردووە، ئێمە ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو:

• گونجاوترین میکانیزم بۆ دادبینی لە تاوانەکانی داعشدا، بەهەندوەرگرتنی دادگا ناوخۆییە بە نێودەوڵەتیکراوەکان (Internationalized Court)ە. ئەم میکانیزمە نوێیە هەوڵ دەدات لایەنە خراپەکانی دادگای نێودەوڵەتی دووبارە نەکاتەوە و دووریش بکەوێتەوە لە هەڵە گەورەکانی دادگا ناوخۆییەکان. دیارترینیان مۆدێلی دادگای نائاسایی ئەفریقا لە سەنیگال ( Extraordinary African Chambers) کە لە ساڵی ٢٠١٣ بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان یەکێتی ئەفریقا و سەنیگال بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتی چاد بۆ ئەو تاوانانەی لە نێوان ساڵی ١٩٨٢ بۆ ١٩٩٠ سەرۆکی ئەوکاتی چاد کردبوونی، دامەزرا. دادگای تایبەتی کۆسۆڤۆ ( Kosovo Specialist Chambers)، کە لە ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی (هێزی ڕزگاریی

کۆسۆڤۆ) بۆ ئەو تاوانانەی لە نێوان ساڵی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٠ کردوویانن، دامەزرا. هەروەها دادگای تایبەتی تاوانەکان لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست ( Special Criminal Court in the Central African Republic) لە ساڵی ٢٠١٥ بە پێی یاسایەکی ناوخۆیی کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست لە تێکەڵەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی و ناخۆیی بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەو وڵاتەدا کراون، دامەزرا. خەسڵەتە هاوبەشەکانی ئەم جۆرە دادگایە ئەوەیە کە هەموویان دادوەر و داواکاری گشتیی لایەنێکی تر دیاری دەکات و دەسنیشانیان دەکات. بۆ نموونە دادگای سەنیگال دادوەرەکان لە لایەن یەکێتی ئەفریقا و، دادگای کۆسۆڤۆ لە لایەن یەکێتیی ئەورووپاوە دیاری کراون. یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە دەکرێت دادگاکە لە دەرەوەی ئەو شوێنەی تاوانەکەی تێد کراوە، کارەکانی بەڕێوە ببات. هەروەها دەکرێت ئەم جۆرە دادگایانە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەریی وڵاتەکە بەڕێوە بچێت، ئەمەش بۆ عێراق هەمان شت دەخوازێت کە پێویستە دادگاکە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەریی عێراق بێت و دامەزراندنەکەی بە یارمەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە بچێت.

- بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش، نابێت دەسەڵاتی ڕەها بدرێت بە دەسەڵاتی دادوەریی عێراق، وەک ئەوەی لە مادەی دوو (برگەی دووی) پرۆژە یاساکەدا هاتووە. بەڵکو دەبێت دادگایەکی سەربەخۆ بێت و بەشێک نەبێت لە سیستەمی دادوەریی عێراق.
- ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق میکانیزمێکی گونجاو نییە بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش، ئەگەر بە هەمان شێوە و میکانیزمی تاوانەکانی حیزبی بەعس دابمەزرێتەوە. چونکە ئەو دادگایە لەسەر ئاستی جیهان ڕەخنەی زۆری لێ گیراو بە دادگایەکی پڕ لە خەوشی یاسایی ناسراوە، بەتایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتباران و قوربانییاندا.
- دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لەم هەموارە نوێیەدا پێوستە چەندین کەرەستە و ڕەگەزی تری لەبەر دەستدا بێت، لەوانەش ڕەگەز و پایەی تاوانەکان (The Elements of Crimes)، هەروەها ڕێساکانی ڕێکاری و بەڵگاندن( The Rules of Procedure and Evidence)، بۆ ئەمەش دەتوانێت سوود لە ڕێساکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەربگرێت. هەوەها لە پەیرەوی ناوخۆیی داگاکە (The Internal program of the court) دەتوانێت سوود لە یاساکانی دادگای تایبەتی کەمبۆدیا وەربگرێت.
- پێویستە لە یاسای دادگاکەدا "دادگای تایبەت بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش" مادەیەک جێگیر بکرێت کە دادگاکە بتوانێت سوود لە حوکمە یاساییەکانی دادگا هاوشێوەکان یان دادگا

نێودەوڵەتییەکان، وەک دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای ڕواندا و دادگای یوگۆسلاڤیا و دادگا تێکەڵەکان و دادگا بەنێودەوڵەتیکراوەکان وەربگرێت. ئەم بنەمایە لە زۆرێک لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا دەبینرێت، بۆ نموونە لە چەندین حوکمی یاسایی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دادگاکە گەڕاوەتەوە بۆ حوکمە یاساییەکانی دادگای یوگۆسلاڤیا و دادگای ڕواندا، هەروەها لە دادگاکانی تریشدا بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای دادی نێودەوڵەتی.

•لەبەر ئەوەی تاوانەکانی داعش ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییان هەبووە و هەڕەشە بوون بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهانی (وەک ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە چەندین بڕیاردا جەختی لێ کردووەتەوە)(14) ، هەروەها تاوانەکانی داعش وڵاتانی تری غەیری سوریا و عێراقی گرتووەتەوە و چەکدارانی داعشیش بەشێکیان هاوڵاتیی ناعێراقی بوون، بۆیە پێمان وایە بڕگەیەک هەبێت لە هەموارکردنەکەدا کە ڕێگە بدات کۆمەڵگەی نێودەوڵی بەشدار بێت لە گرتنەئەستۆی بەشێک لە بودجە(تێچوون)ی دادگاکەدا.

•گرنگە ئەم دادگایە زیاتر جەخت لە فەلسەفەی گەڕانەوەی دادپەروەری (restorative justice) بکاتەوە، بە شێوەیەک کە لە پرۆسەکەدا قوربانی، چەق بێت و پەیڕەوی فەلسەفەی (victim-centered approach) بکات، بە پێچەوانەی ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی دادگاکەدا بۆ دادگاییکردنی سەرانی حیزبی بەعس بینرا، کە دادپەروەریی تۆڵەکردنەوە لە تاوانباران (retributive justice) بوو کە زیاتر سەرنجەکە لەسەر سزادان بوو، نەک لەسەر ئەوەی کە قوربانی چۆن مافەکانی وەربگرێتەوە.

•یاسای هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١١ چەندین حوکمی یاسایی لەخۆ دەگرێت، کە ناگونجێت لە گەڵ پرۆژە یاسای هەموارکردنی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بۆ دادگاییکردنی داعشدا. دیارترین کێشەی ئەم پرۆژە یاسایە پەیوەستکردنی دادگاکەیە بە ئەنجوومەنی دادوەریی عێراقەوە، وەک ئەوەی لە مادەی ١دا هاتووە. هەروەها مادەی 2 کە تەنیا یەک دادگای لێکۆڵینەوەی تێدایە، کە ئەمەش کێشەیەکی ترە و پێویستە هەموار بکرێتەوە و بگونجێندرێت لەگەڵ کەیسەکانی داعشدا.

•هەروەک لە ماددەی (٣،٤،٥)ی هەموارەکەی ساڵی ٢٠١١دا هاتووە، وا دەردەکەوێت کە ئەو دادگایە بەرەو کۆتایی دەچێت، بۆیە پێویستە ئەم سێ مادەیە ڕەچاو بکرێت و لەگەڵ هەموارە تازەکەدا بگونجێنرێت.

•کێشەیەکی تری ناو ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە تاوانەکانی داعش، پسپۆڕیی کاتیی دەسەڵاتی دادوەری (Temporal Jurisdiction) دیاری نەکراوە. ئەمەش واتە دیار نییە ئەو تاوانانەی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم دادگایەوە لە کەیەوە دەست پێدەکەن و تا کەی بەردەوام دەبن. ئێمە پێمان باشە پسپۆڕیی کاتیی دەسەڵاتی دادوەری لە ڕۆژی دروستبوونی داعشەوە دەست پێبکات و کۆتاییەکەی دیاری نەکرێت، چونکە هێشتا چالاکییەکانی داعش کۆتایی نەهاتووە. نموونەی لەم چەشنەش هەیە، وەک ئەوەی دادگای یوگۆسلاڤیا کاری پێ کردووە.

•کێشەیەکی تری ناو ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە تاوانەکانی داعش، پسپۆڕیی شوێنیی دەسەڵاتی دادوەری (Territorial Jurisdiction) دیاری نەکردووە، واتە دیار نییە کە چوارچێوەی شوێنی تاوانەکانی داعش کوێ دەگرێتەوە، چونکە داعش تاوانەکانی لە عێراق و سوریا و وڵاتانی تریش کردووە. ئێمە پێمان باشە ئەم دادگایە پەیڕەوی پسپۆڕیی گەردوونیی دەسەڵاتی دادوەری (Universal Jurisdiction) بکات، لەم جۆرە دەسەڵاتەدا دادگا دەتوانێت دادوەریی هەر تاوانێک بکات کە تۆمەتبارانی داعش لە هەر شوێنێکی دنیادا کردبێتیان، بەمەش دادگاکە دەستکراوەتر دەبێت بۆ دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانەی داعش کە تاوانەکانیان لە دەرەوەی خاکی عێراقدا کردووە.

•گرنگە دادگاکە پسپۆڕیی کەسیی دەسەڵاتی دادوەری (Personal Jurisdiction) بە ڕوونی دیاری بکات، کە ئایا دادگاکە ئەو تۆمەتبارە ناعێراقییانەش دادگایی دەکات کە تۆمەتبارن بە کردنی تاوان. ئێمە پێمان باشە ئەم دادگایە پەیڕەوی پسپۆڕیی گەردوونیی دەسەڵاتی دادوەری ( Universal Jurisdiction) بکات، چونکە بەشێکی زۆری تۆمەتبارانی داعش هاوڵاتیی عێراق نین، بە پەیڕەوکردنی ئەم فەلسەفەیە دەسەڵات دەدرێت بە دادگاکە دادگایی تۆمەتبارە ناعێراقیەکانیش بکات.

•پێویستە لە یاسای دادگاکەدا "دادگای تایبەت بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش" بە ڕوونی مەودای بەرپرسیارێتی (Mode of Liability) دیاری بکرێت، کە ئایا دادگاکە تا چ جۆرە بەرپرسیارێتییەک دادگایی دەکات، پێویستە دادگاکە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت ئەوانەی هاوبەشە تاوانن یان ئەوانەی هاوکارن (Complicity) دادگایی بکات.

•پێویستە لە یاسای دادگاکەدا "دادگای تایبەت بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش" تۆمەتباران دیاری بکرێن (کێ دادگایی دەکرێت). واتە ڕوون نییە ئایا دادگاکە دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بەسەر هەموو لایەنەکانی ململانێ سەربازییەکانی ناو هەمان چوارچێوەی کات و شوێندا یان نا.
•تا ئێستا ڕوون نییە ئەم دادگایە چ جۆرە بەرپرسیارێتییەک دادگایی دەکات. پلەباڵاکان، پلەناوەند، یان پلەنزمەکانی داعش؟ بۆیە ئێمە پێمان وایە پێویستە ئەم خەسڵەتانە بە ڕوونی دیاری بکرێن لە پێناو دروست نەبوونی کێشە لە کاتی پرۆسەکانی دادبینیکردندا. پێمان باشە پێوەرێک دیاری بکرێت بە پێی پەیکەرەی سەربازی و مەدەنیی داعش، بە شێوەیەک کە پلەباڵاکان لەم دادگایە و پلەنزمەکانیش ڕەوانەی دادگا ناوخۆییەکانی تر بکرێن.
•ڕەشنووسی هەموارەکە دیاری نەکردووە پەیکەرەی دادگاکە چۆنە. واتە ڕوون نییە کێن ئەوانەی کاری دادگاییکردن و لێکۆڵینەوەکان دەکەن. زۆر پێویستە دەستەکانی دادگاییکردن و لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە ڕوونی دیاری بکرێن. بۆ ئەمەش گرنگە لە ئێستاوە بزانرێت چەند کەس دادگایی دەکرێت و ئەوانە کێن دادگایی دەکرێن. پێویستە هەر لە سەرەتاوە پەیکەرەی دادگاکە ڕەچاو بکرێت بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیکەرە و پێکهاتەیەدا، دادگاکە دابمەزرێت.
•پێویستە لە یاسای دادگاکەدا، جیاوازتر لەوەی کە پێشتر بینیمان، بە ڕوونی ڕێگە بدات کە کاراکتەری بیانی لە هەموو قۆناغەکانی دادبینیکردن و بڕیارداندا هەبن، وەک دادوەر و پارێزەر و بەشەکانی تۆمار و بەڕێوەبردنی دادگاکە. پێمە پێمان باشە کە یاساکە بە ڕوونی ژمارەی دادوەر و کاراکتەرە بیانییەکان بۆ هەر سێ قۆناغی دادوەری (لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن، پێداچوونەوە) دیاری بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت سوود لە ئەزموونی دادگای تایبەتی کەمبۆدیا وەربگیرێت.
•پێویستە باڵانسی جێندەری بە دەق بپارێزرێت، بە تایبەت کە خەسڵەتێکی دیاری تاوانەکانی داعش، جیاوازتر لە تاوانەکانی بەعس، پەیوەستن بە تاوانە جێندەرییەکانەوە.
•گرنگە دادگاکە میکانیزمێکی تایبەت بۆ گوێگرتن لە شایەتحاڵەکان پەیڕەو بکات. بۆ ئەمەش گرنگە سوود لە جۆراتییەکانی شایەتحاڵەکان وەربگرێت، بەوانەشەوە کە ئێستا لە دەرەوەی عێراق دەژین.
•یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا پشتی بە یاسای داواکاری گشتیی ژمارە ١٥٩ ساڵی ١٩٧٩ بەستووە. ئەم یاسای داواکاری گشتییە ئێستا بەرکار نییە و یاسای داواکاری گشتیی ساڵی ٢٠١٧ شوێنی گرتووەتەوە. پەیوەست بە داواکاری گشتیی دادگاکەوە، گرنگە هەموارەکە ڕێگا بدات کە

کەسانی بیانی تێیدا دابمەزرێن و بەشەکانی ناو دەستەی داواکاری گشتی دیاری بکرێن، وەک ئەوەی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دەبینرێت.

- پێویستە لە یاساکەدا، دەوڵەتی عێراق پابەند بکرێت بە پێدانی قەرەبوو بە قوربانییانی تاوانەکانی داعش.
- پێویستە حوکمی سزای لە سێدارەدان لە یاساکەدا بە تەواوی هەڵبگیرێت.

## پێشنیارەکانی ئێمە لە پرۆسەی دادبینیکردن لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە تاوانەکانی داعش

پێویستە لە کاتی هەموارکردنی یاسای ئەو دادگایەی پێویستە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش لەسەر میراتی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دابمەزرێت، ڕەچاوی چەند خاڵێک بکرێت، چونکە ئەم هەموارە دەبێتە یاسای بنەڕەتی بۆ دادگاکە و دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدا پرۆسەکانی دادبینی بەڕێوە دەچێت. ئێمە پێمان وایە ئەو دادگایە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

- دادگاکە پێویستە لە پێناو دادپەروەریدا و بەبێ ئەجێندای سیاسی و دەستتێوەردان کارەکانی بکات.
- لە دادگاکەدا پێویستە قوربانی، چەقی پرۆسەکە بێت و ڕەچاوی بنەمای قوربانی-سەنتەری بکرێت، بە شێوەیەک دادگاکە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتیی هەموو ئەوانەی کە قوربانیی بوون و قوربانییان ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت و دادگاکە نەبێتە فاکتەرێک بۆ دووبارە بەقوربانیبوون.
- لە دادگاکەدا دەبێت بە وریاییەوە ڕەچاوی بنەما کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی قوربانییان بکرێت و وشەسازییەکان بە شێوەیەک بێت کە شکۆی قوربانییان دوور بێت لەهەر جۆرە ئەگەرێکی لەکەی کۆمەڵایەتی (social stigmatization).

- لە پاڵ دادگاییکردنی تۆمەتباراندا، پێویستە ئەو مێژوو و ئایدیایەی کە تاوانەکانی لەسەر بەرهەم هاتووە دادگایی بکرێت و لە بڕیارەکانی دادگاکەدا بە ئاشکرا ئیدانە بکرێت.
- دادگاکە پێویستە هەمەلایەنە و گشتگیر بێت و سەرجەم ئەو لایەنانەی تاوانیان (بە مەرجی ڕەچاوکردنی پسپۆڕیی کاتی و بابەتی و شوێنیی دەسەڵاتی دادوەری) کردووە، تێیدا دادگایی بکرێن.
- داواکاری گشتی و دادوەرەکانی ناو دادگاکە (لێکۆڵینەوە، تاوانەکان، پێداچوونەوە) خۆیان یان کەسێکی نزیکی ژمارە یەکیان بە دەستی داعش نەبووبێتن بە قوربانی.
- بارەگای سەرەکیی دادگاکە مەرج نییە لە شاری بەغداد بێت، بەڵکو دەکرێت لە شارێکی تردا بێت. ئێمە پێمان باشە بارەگای سەرەکیی هۆڵەکانی دادگای تاوانەکان و دادگای پێداچوونەوە لە هەرێمی کوردستان بێت (دەکرێت دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە هەر شارێکی تر بن)، بۆ ئەوەی بەدەر بێت لە ململانێی درێژمەودای نێوان شیعە و سونە و بڕیاری دادگاکە سەربەخۆ بێت و هیچ هێمایەکی پرسیاری لەسەر نەبێت. هەروەها شایەتحاڵەکانی هەردوو لایەنی قوربانی و تۆمەتبار بە ئازادانە و بێترس بتوانن بگەنە دادگا و ژیانیان پارێزراو بێت.
- پێویستە دادگاکە بەشی پارێزەرانی بەرگری و بەشی هاریکاریی قوربانییان وەک بەشێک لە ناو دادگاکەدا دابمەزرێنێت و ڕێگە بدات لە هەردوو بەشەکەدا کەسانی بیانییش هەبن.
- پێویستە دادگاکە بە پێی یاسا ڕێگە بدات چاودێرانی بیانی و ناوخۆیی، چاودێریی پرۆسەکانی دادبینییەکە بکەن.

**سەرچاوەکان:**

1) https://www.icc-cpi.int/resource-library/documents/rs-eng.pdf
2) https://www.icc-cpi.int/darfu
3) https://www.icc-cpi.int/libya
4) https://www.icc-cpi.int/ukraine

5) https://www.icc-cpi.int/Pages/item.aspx?name=otp-stat-08-04-2015-1

6) http://unscr.com/en/resolutions/doc/827

7) http://unscr.com/en/resolutions/doc/955

8) http://www.rscsl.org/Documents/Establishment/S-Res-1315-2000.pdf

9) https://treaties.un.org/doc/Publication/UNTS/Volume%202329/Part/volume-2329-I-41723.pdf

10) http://unscr.com/en/resolutions/doc/1757

11) مادەی (٢) لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید ساڵی ١٩٤٨، مادەی (٤-٢) لە یاسای دادگای یوگۆسلاڤیا ساڵی ١٩٩٣، مادەی (٢-٢) یاسای دادگای ڕواندا ساڵی ١٩٩٤، مادەی (٦) پێڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

12) ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ ساڵی ١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆڵی زیادکراوی ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ ساڵی ١٩٧٧، مادەی (٦-ب) دادگای نۆرمبێرگ ساڵی ١٩٤٥، مادەی (٢ و ٣) یاسای دادگای یوگۆسلاڤیا ساڵی ١٩٩٣، مادەی (٤)ی یاسای دادگای ڕواندا ساڵی ١٩٩٤، ماددەی (٣ و ٤) یاسای دادگای تایبەتی سیرالیۆن، ماددەی (٦)ی یاسای دادگای تایبەتی کەمبۆدیا، ماددەی (٨)ی پێڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

13) مادەی (٥) یاسای دادگای یوگۆسلاڤیا ساڵی ١٩٩٣، مادەی (٣)ی یاسای دادگای ڕواندا ساڵی ١٩٩٤، مادەی (٢) یاسای دادگای تایبەتی سیرالیۆن، ماددەی (٥)ی یاسای دادگای تایبەتی کەمبۆدیا، مادەی (٧)ی پێڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

14) بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە بەندی حەوتی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو پڕۆژە یاسایانەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەندەدا سەبارەت بە تاوانەکانی داعش دەری کردووە وەک بڕیاری ژمارە ٢١٧٠ی ساڵی ٢٠١٤، بڕیاری ژماری ٢٢٥٣ی ساڵی ٢٠١٥، بڕیاری ژمارە ٢١٩٩ی ساڵی ٢٠١٥، بڕیاری ژمارە ٢٢٥٣ی ساڵی ٢٠١٥، بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی ٢٠١٧.

**KCIL**

**Kurdistan Center for International Law**

# Some Remarks on the Amendment of the Iraqi High Criminal Court Law for the Prosecution of ISIS Criminals

**Edited by**

**Sarkawt Jalil**